# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٥٣ رەزبەر – گەلاڕێزانی ٢٧١٠ی کوردی

خەبات لەپێناو
دامەزراندنی کوردستانێکی
ئازاد و دیمۆکرات و
سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 53, October – November 2010



کامیل ژیر:

چەک و کێشەی کورد


"ل ٤ "



موعتەسەم تاتایی

سەردانی چین بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسی جیهانیی ئابووریی

"ل ١١ "



محەممەد شەیدا:

خۆپاراستن

لەنەخۆشی

دەروونی و ژیریی

"ل ٨ "



وتووێژ لەگەڵ سەردار پشدەری پێشمەرگەی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول

"ل ١٤ "



سیروان کاوسی:

سەدەیەک جێنۆسایدی بەردەوام و، چارەنووسی بزووتنەوە باکووری کوردستان لەسایی رێبەریی پ ک ک دا! "ل ٢٥"

## هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد بەڕێوەیە، بەمەرجێک ئەم هەلەش نەکرێتە قوربانیی حیزبحیزبێنە و، هەلۆهەلپەی کورسی و پووڵ و پلەوپایە!

دژایەتیی نێوان رژێمی ئیسلامیی ئێران و، رۆژاوا، پاش دەستپێکردنی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد توندتر و ئالۆزتر بووە و گەلێک لە چاودێرانی سیاسیی، هاتنی ئەحمەدینژادیان بەنیشانەی گەڕانەوەی رژێم بۆ رێباز و بناخەفکرییەکانی سەرۆکی شۆرشی ئیسلامیی – ئایەتۆڵلا خومەینیی داوەتەقەڵەم. لێدوانەکانی توندی ئەحمەدینژاد لەدژی ئیسرائیل و ئەمریکا و، راگەیاندنەکانی پەیتاپەیتای فەرماندەکانی سوپای رژێم لەسالانی رابردوودا کە گوایە هێزەکانیان بۆ "بۆ لاپەڕە ٢"

## داهاتوو هی ئێمەیە!



وەرگێڕانی: ئاریا موکریانی -ل ٢٣-

## بەهرۆز جەعفەر:

## چەپڵەیەك بۆ موعەممەر قەزافی

"ل ٢٤"

## وتەیەکی کورت سەبارەت بە "هاککردن" ی سایتی کۆنگرە!

**مانگی رابردوو لەکاتی ئامادەکردنی ژمارە (٥٣) ی گۆڤاری کۆنگرەدا، دەستێکی گڵاو لەلایەن دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانەوە ئاراستەی سایتەکەمان کرا، سەرەتا "ویرووس" نێردرایە نێو سایتەکەوە، پاشان "هاک" کرا. ئەمەش بوو بەهۆی دواکەوتنی بڵاوکردنی نووسراوەی ئەو نووسەر و نیشتمانپەروەرانەی کە بابەتەکانیان بۆ گۆڤارەکە، یان بۆ بڵاوکردن لە ماڵپەڕی کۆنگرەدا ناردبوو.**

**بەهەوڵی هاوبیران ماڵپەڕی کۆنگرە دوای تێپەڕبوونی مانگێک سەرلەنوێ کرایەوە، داوا لە ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان دەکەین، بەرهەم و بابەتە بەپێزەکانتان بنێرن بۆ ماڵپەڕی کۆنگرە و، بۆ گۆڤاری کۆنگرە، کە سەکۆیەکە بۆ پەرەپێدانی بیری پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

## "ماوەی سەروتار"

پارێزگاریکردن لە هێرشی دەرەکیی، لەئامادەیی و مەشقی بەردەوامی جەنگیدان، وەرامی ئەو داخوازییەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بووە کە چەندین ساڵە داوا لەئێران دەکەن، واز لەپرۆژەی سازکردنی چەکی ئەتۆم بهێنێت. فەرماندەکانی سوپای رژێم زۆرجار باسیان لەتاقیکردنەوەی راکێتی دوورهاوێژ و چەک و فرۆکەی سیخۆڕیی کردووە و گوتوویانە هەموویان لەلایەن ئەندازیارانی ئێرانییەوە دروستکراون و، بەسەرکەوتوویی تاقیکراونەتەوە. سەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵ سەرکۆماری ئێران مەحموود ئەحمەدینژاد و راوێژکاری راگەیاندنی سەرکۆمار رایانگەیاند: "**لەخولی تازەی وتووێژەکاندا لەگەڵ گروپی 5+1 ئامادەنین سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمیی ئێران قسەبکەن، بەڵکو دەیانەوێ سەبارەت بە سەرۆکایەتیی جیهان لەگەڵیان کۆببینەوە!!**". هاوکات، **فەرماندەی بنکەی بەرگریی ئاسمانیی (خاتم الانبیا) بەناوی سەرتیپ ئەحمەد میقانی** لە تلویزیۆنەوە رایگەیاند، بەمەبەستی بەرگریکردن لەهێرشی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، مەشقێکی گەورەی سەربازیی لەدەوروبەری ناوەندەئەتۆمییەکان لە **تاران، قۆم، ئەسفەهان، بووشەهر، نەتەنز و شوێنێکی دیکە لە رۆژاوای ئێران (نێوی نەهێنرا)**، بەرێوەدەچێت. میقانی هەروەها گوتی: ئەم ئامادەکارییە لەبەرامبەر هێرشی فرۆکەی جەنگی و فرۆکەی بێفڕۆکەوان و، راکێتی "کرووز" ی ئەمریکاییدا دەکرێت بۆ پاراستنی ناوەندەکانی ئەتۆمیی ئێران.

ئێران لەساڵانی رابردوودا بەهۆی پێوەندیی گەرموگوڕی ئابووریی لەگەڵ رووسیا و چین، پشتی بەپشتگیریی ئەم دوو زلهێزە لەبەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکادا بەستبوو، بەڵام ئێستا دەبینێ کڵاوی سەرچووە. رووسیا لەناردنی سەدان راکێتی "S 300" بۆ ئێران پاشگەزبووەوە کە پێشتر لەگەڵ رژێمی ئێران لەسەری رێککەتبوون. دەوڵەتی رووس هەروەها ئەو رێککەتننامەیەی پشتگوێخست کە دەبوو لەچەند قۆناخێکدا ناوەندی ئەتۆمیی **بووشەهر** بخاتەگەڕ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ملیارددۆلاری لەئێران وەرگرتبوو. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی تازە زانیویانە کە، نیازی رووسیا تەنیا دادۆشینی ئێران بووە و، رووسیا هەر لەسەرەتاوە، نەیویستووە ئێرانێکی خاوەنچەکی ئەتۆمی لەدراوسێتی خۆیدا بەدەستی خۆی دروست بکات. لەمانەش تاڵتر بۆ رژێمی ئێران هەڵوێستی ئەمدواییەی رووسیا بوو، کە وازی لەگەمەی پشتیوانیکردنی ئێران هێنا و، بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانی پەسندکرد کە گوشاری ئابووریی توندتر بخرێتەسەر ئێران، ئەمەش یەکریزی وهاوەدەنگیی پتەوتری لەئاستی نێونەتەوەیی لەدژی ئێران دروستکرد.



کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەم راستییە تێگەیشتوون کە رازیبوونیان سەبارەت بەگەڕان و پشکنینی سەربەستانەی کارناسانی UN لەناوەندەکانی ئەتۆمیی ئێران، سەرەتایەکە بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازییان لەنێوخۆ و لەئاستی نێوچەکە، لەبەر ئەوە تاکو ئەورۆ تێکۆشیون سیاسەتی ناکۆکیی خستنەنێو وڵاتانی گروپی 5+1، پێرەوبکەن، کات و زەمانی پێویست دەستخەن کەبتوانن دەستیان بگات بەچەکی ئەتۆم.

پرۆپاگەندەکردنی زیاتر و بەردەوامی میدیاکانی ئەمریکا و ئۆروپا لەدژی ئێران و، ناساندنی ئەو رژێمە، بەرژێمێکی پرمەترسیدار بۆ ئاسایشی نێوچەکە و جیهان، گفتوگۆکردن لەگەڵ نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژ بەرژێم لەدەرەوە، ئەو رۆژانە بیردەهێننەوە کە رۆژاڤا پێش لەشکرکێشیی بۆ سەر رژێمی عێراق و تالەبان لە ئەفغانستان رێیخستبوو. هێورکردنی زیاتری بارودۆخی ئەفغانستان و عێراق، لەمانگەکانی داهاتوودا، گوشاری زیاتری ئەمریکا و

هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئێران بەدواوەدەبێت. ئەگەرچی پێش ڕوودانی هەرشتێک، پێویستە بڕێکی باش چەکوچۆڵی جەنگیی بەوڵاتانی کەنداو بفرۆشرێت، چۆنکە هەرچەند ساڵ جارێک دەبێ بەسەرهاتی "**پێستی گورگی گیسکەکەی هەیاس**" بەسەر وڵاتانی دۆستی ڕۆژاوا لەناوچەکە دووپاتبکرێتەوە.

کاربەدەستانی ئێران کە بەوردی چاودێریی ڕەوتی سیاسەتەکانی ڕۆژاوا بۆ سەر ڕژێمەکەیان دەکەن، بەوێنەی ڕژێمی سەددام دەستیانکردووە بە پێشاندانی ماسوولکە و، هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و، هاوپەیمانەکانی، بەڵام سوپای

بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسیی ئامادەدەکەن. لەڕوانگەی ئەمریکاوە، حکوومەتی داهاتووی ئێران پێویستە پێکهاتەیەک بێت لەنەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژبە ڕژێمی ئیسلامیی، کە لەداهاتوودا ئاسایشی دڵخواز بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەی دەرەکیی لەوڵاتیاندا دابین بکەن و، دژایەتیی بەرژەوەندیی ڕۆژاوا نەکەن لەناوچەکەدا.

لەم نێوەدا ئەوی وا لەنێو گێژەڵووکەی ناکۆکی و دەمارگرژیی حیزبی و پاوانخوازی و، بێبەرنامەی و سەرلێشێواویی سیاسیدا خولدەخوات، ئۆپۆزسیۆنی کوردە



یەک ملیۆنی و هەزاران ڕاکێت و فڕۆکەی جەنگی و تانک و تۆپ و جبەخانەی زۆروبۆر چەند بەفریای سەددام حسێن و ڕژیمەکەی کەوتن، هەرهێندەش دەتوانن ڕژێمی داگیرکەری ئیسلامیی ئێران لەفەوتان بپارێزن.

ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیی، بەتایبەتیی **ڕێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران بەسەرۆکایەتیی مریەم و مەسعوود ڕەجەوی،** بەهەوڵی بێوچانی دیپلۆماسی، نەک هەر ڕێکخراوەکەیان لەلیستی ڕەشی ئۆروپا هێنایەدەرەوە، بەڵکو توانیویانە لۆبییەکی بەهێز لەنێو پەرلەمانی ئۆروپا و کۆنگرەی ئەمریکادا دروستبکەن و، لای وڵاتانی دیمۆکراتی جیهان وەک ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز وجێ متمانە حیسابیان لەسەربکرێت. هەزاران لایەنگری ڕژێمی پاشایەتیی و، چەندین حیزبی دیکەی ئێرانیی کە نیشتەجێی ئەمریکان، سەرقاڵی خۆڕێخستنەوە و، دیدار و کۆبوونەوەن لەگەڵ کاربەدەستان و، دیپلۆماتەکانی ئۆروپا و ئەمریکا و، خۆیان بۆ

لەرۆژهەڵاتی کوردستان کە چاویان بەدیتنی یەکتر هەڵنایە و، لەترسی لەدەستدانی کورسی و پلەی حیزبیی ئامادەنین لەژێر چەتر و بەرەیەکی هاوبەشدا کۆببنەوە و، هەرهەموویشیان چاوەڕوانن دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێران، بگەڕێنەوە سەرسفرەی حازر و، هەریەکەیان گەڕەک و گوندێک داگیربکەن و، بۆ وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسیی، بەئاشکرا و بەنهێنیی سەردانی تاران بکەن و، بکەونە دانووستان لەگەڵ ئەو نادیمۆکراتانەی کە بەناوی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ، دەسەلاتی حکوومەتی تازەی ئێران دەگرنەدەست.

**بەکورتی، هەڵێکی دیکەی مێژوویی بۆ کورد بەڕێوەیە، بەمەرجێک سەرکردەیەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لاسایی یەکێتیی نیشتمانی وپارتی دیمۆکرات نەکەنەوە و، حیزبحێزبێنە و بیرتەسکی و هەوڵوهەڵپەی پلەوپایەوکورسی و پووڵ و بەرژەوەندیی حیزبیی، بەسەر بەرژەوەندی و ئامانجی ڕەوا ولەمێژینەی نەتەوەی کورددا نەسەپێنن!**

# چەک و کێشەی کورد

کامیل ژیر*

نەمدەویست وتاری کەسێک بەناوی ئاشکرای خۆیەوە بکەم بەماڵ بەسەر رۆژنامەی بەڕێزی کوردستانی نوێ-وە، بەڵام ئەم رۆژنامەیە، خۆی وتارەکەی کاک مەحمود شێرزاد: (**پارادۆکسی چەک و سیاسەتی رزگاریخوازی نەتەوەیی پەکەکەو دەتەپە**)ی کردووە بەماڵ بەسەر خۆیەوە، بە بەڵگەی ئەوەی وتارەکەی لەلاپەڕەی وێستگەکانی **کوردستانی نوێ**-دا بڵاوکردۆتەوەو لەدامێنی وتارەکەشدا نوسیویەتی: (**ژووری توێژینەوە**) و نووسەرەکەش سەرپەرشتیاری ئەو بەشەی رۆژنامەکەیەو پێدەچێت هەریەکێکیش لەکارمەندانی رۆژنامەکە بێ، بۆیە بەهەموو پێوانەیەک وتارەکە ماڵە بەسەر رۆژنامەکەوەو دەبێتە باری سەرنجی نەک هەر رۆژنامەکە، بەڵکو باری سەرنجی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش کە خاوەنی ئەو رۆژنامەیەیەو لەلاپەڕە ٢٤ی ژمارە ٥٠٤٦ رۆژی ٢٠٠٩/١٢/١٣ بڵاوکراوەتەوە، هەرچەندە (ی.ن.ک) بەکردەوە هاوڕانییە لەگەڵ ئەو وتارەداو دەستبەرداری چەک نییە.

وتارەکە وەک بیەوێت رەوایەتییەک بەبڕیارەکەی دادگای یاسایی تورکیا بدات بۆ داخستنی DTP هۆکاری داخستنەکە دەگێڕێتەوە بۆئەوەی ژێرخان و ئامانجە سیاسییەکانی ئەم پارتە، دژایەتی لەگەڵ بنەما نەتەوەیی و سیاسییەکانی حکومەتی تورکیادا هەیەو خۆیشی بەباڵی سیاسی PKK دەزانێت! دوای ئەوە خەباتی چەکداریی کورد دەداتە بەر تانەو تەشەر لەم رستانەدا:

**-١- نەتەوە داگیرکراوەکان بەکەڵک وەرگرتن لەمیتۆدی چەکداری، جگەلەوەی دۆخەکە ئاڵۆزتردەکەن، ناتوانن بەدەرئەنجامە بەتایبەت دیموکراتییەکانیان بگەن.**

**٢- خەباتی چەکداری بکوژی سەرەکی مەشروعیەتە.**

**٣- کێشەی کورد لەهیچ کام لەپارچەکانی کوردستان بەچەک چارەسەرنەبووەو نابێت.**



**٤- دامەزراندنی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی چەکداری هەڵەیەکی گەورەیە.**

**٥- پەکەکە بەتەواوی واز لەخەباتی چەکداری بێنێت و بێتەوە ناوشار.**

**-٦- هەموو جەنگێک ئەگەر بەجەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێنێت.**

ئەم پەندو ئامۆژگارییانە، ئەگەر بۆ وڵاتێکی وەک سویسرا بووایە، دەمانووت رەنگە راستگۆیەتیەکیان تێدابێت، بەڵام بۆ هەرکام لەو وڵاتانەی پارچەیەکی کوردستانیان بندەست کردووە، جگە لەگەیاندنی زیان، بەمەبەست یا بێ مەبەست، بەدۆزی کورد چیتر نین، ئەوانە واتای خۆبەدەستەوەدان دەگەیەنن، کورد لەهیچ رۆژو بارێکدا لەخۆشی چەک پەنای نەبردۆتە بەرچەک، بەڵکو نەتەوە سەردەستەکان ناچاریانکردووە چەکی بەرگری هەڵگرێت لەپێناوی ماف و بوون و مانەوەیدا، ئەو داگیرکەرانە وەڵامی کەمترین داوای رەوای کوردتیان بەکوشندەترین چەک داوەتەوە، هەندێ جار بەبێ هیچ داواکارییەک و بەبێ هیچ بەگژداچوونێکیش! میرنشینییە کوردییەکان هەڵیاننەکوتابووە سەر تورک و فارس، پەرزگەکانی زەردەشتیان بەچەکەوە پەلاماری دەوڵەتی ئەمەوییان نەدابوو، کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەخودموختاری زیاتری بۆخۆی دیارینەکردبوو، قازی محەمەد بەپەیامی ئاشتییەوە چووە دەرباری شا، سەدو هەشتا هەزار خەڵکی گەرمیان لەهەموو جۆرە چەکێک داماڵراوبوون، خەڵکی

هەڵبجە ساروخی زەمین- ئاسمانیان دانەبستبوو. ئەوانە هەموویان بە چ چارەنووسێک گەیشتن؟!

سەرزەنشتکردنی دەتەپە بەوەی ئامانجە سیاسییەکانی، دژایەتی لەگەڵ بنەمانەتەوەیی و سیاسییەکانی حکوومەتی تورکیادا هەیە، قسەیەکی سەیروسەمەرەیە! ئەی ئەگەر ئەو ئامانجانە وەک یەکبن، ئیتر بوونی دەتەپە یان هەر پارتێکی تر زیادە نابێ؟ یا وەک پارتە کارتۆنییەکانی سەردەمی بەعس نابێت؟ داخستنی دەتەپە لەبەرئەوەنییە کەخۆی بەباڵی سیاسی پەکەکە دەزانێ کە ئەوەش هەر قسەی دەسەڵاتی تورک و بەکرێگیراوەکانیەتی، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەتەپە جەماوەرێکی کوردی زۆری لێکۆبووەوەو بووبوو بەخاوەنی ٢١ کورسی پەرلەمان و ٩٨ شارەوانی، هەروەها بۆ ئەوەیە کە هیچ بەرامبەر (موخاتەب)ێک نەمێنێ تا چەندوچوون لەسەر (بەناوکرانەوەکانی) دەسەڵاتدا بکات، ئەمە یەکەم پارتی کوردیی بێ چەکیش نییە کەدەسەڵاتی تورک دایدەخات، پێشتر هەر پارتێکی سەر بەکورد تۆزێ گۆشتی گرتبێت تورکیا دایخستووە.

ئامانجی نەتەوە داگیرکراوەکان، گەیشتن بەدیمۆکراتی نییە وەک لەو نووسینەدا هاتووە، ئامانج رزگارییە، رزگاریش بەسەربەخۆیی دەستەبەردەبێ، دیمۆکراتی لەناو نەتەوە سەردەستەکانی کوردستاندا، یان هەر بوونی نابێت، یان ئەگەر بوونیشی هەبوو ئەوا ئەو دیمۆکراتییە تەنیا بۆخۆیان دەبێ وەک ئەوەی تورکیا. هیچ هاوکێشەیەک لەنێوان دیمۆکراتی نەتەوەی سەردەست و رزگاریی نەتەوەی بندەستدا نییە، گومان لەوەدانییە کە چەمک و قەبارەی دیمۆکراتی لەتورکیادا زیاترە لە هی ئێران و عیراق و سوریا، ئەی بۆچی چەوساندنەوەی کورد، تارادەی قەدەغەکردنی زمانەکەشی، لەتورکیادا زیاترە لەو سێ دەوڵەتەی تر؟ خۆئەگەر ئەوە خەتای چەکەکانی پەکەکە بێت بەپێی چەمکی وتارەکەی کوردستانی نوێ، ئەوا لەبیستەکانەوە تا هەشتاکانی چەرخی بیستەم، نە پەکەکەو نە هیچ پارتێکی چەکداری کوردی نەبوو، ئەی بۆچی کەمترین مافی کورد بەدیمۆکراتییەکەی تورکیا دەستەبەرنەبوو؟ ئێستا لەعێراقی لەرولاوازدا جۆرێک دیمۆکراتی هەیە، ئەی بۆچی بەنیوەی باشووری کوردستان دەوترێ ناوچەی ناکۆکی لەسەر؟ تەنانەت بەمادەی ١٤٠ رازینابن کە ئەو مادەیە قومارە بەو ناوچانەوە و گەلێکی هۆشیار قومار بەنیشتمانی خۆیەوە ناکات، مەگەر دەسەڵاتە ئەقڵانی و دیمۆکراتیخوازەکەی ئێمە!! راستییەکەی ئەو مادەی سەدوچلە، یان هەر جێبەجێ ناکرێت، یان رۆژێک جێبەجێدەکرێت کە لایەنی بەرامبەر لەهەڵێکدا دوو جۆکەر بێنێ و بردنەوەی قومارەکە مسۆگەربکات! ئەوسا ئیتر مەگەر هەر بڵێین: بەدەستی خۆمان چیمانکرد بەخۆمان!

**خەباتی چەکداری بکوژی مەشروعیەت نییە، راستە چەک دیاردەیەکی دڕندانەی مرۆڤەو زیانی گەورە دەبەخشێ بەمرۆڤایەتی، بەڵام ئەوە تەنیا بۆ خەباتی چەکداری نییە، کاتێک مافێک زەوت دەکرێت، بەمافە نەتەوەییەکانیشەوەو هەموو رێگەکانی شارستانی ئەو مافە ناگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، چەک ئەو رەوایەتییە دەپارێزێ و دەیگێڕێتەوە. بڕیاری دادگاکان بۆنموونە بەتەنیا رەوایەتی دابیناکەن، دوای ئەو بڕیارانە، هێزی چەکداری پۆلیس ئەو بڕیارانە جێبەجێدەکات، واتا چەک رەوایەتی دەپارێزێ، نەتەوە داگیرکراو و مافخوراوەکانیش کە لەهەموو رێگە شارستانییەکان نائومێددەبن، وەک نەتەوەی کورد، ئەوسا تەنیا چەک دەمێنێتەوە بۆ دابینکردنی مافەکانیان، واتا ئەوسا تەنیا خەباتی چەکداری پارێزەری مەشروعیەت دەبێ، ئا لێرەوە ئەو نووسینەی کوردستانی نوێ کە خەباتی چەکداری بەنەتەوە داگیرکراو و ستەملێکراوەکەمان رەوانابینێ، دەبێتە گومراکردن!! دیسان هەر لەم گۆشەنیگایەوە دامەزراندنی پەکەکە لەسەر بنەمای ئەقڵیەتی چەکداری، پێویستییەکی نەتەوەیی و هەنگاوێکی دروستبووە.**

کێشەی کورد کە لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا بەچەک چارەسەرنەبووە، هۆکەی نارەوایەتی خەباتی چەکداری نەبووە، بەڵکو هۆکەی ئەوەبووە کە چەکی کورد هاوسان و هاوتا نەبووە بەرامبەر چەکی داگیرکەرانی کوردستان، هەروەها تێگەیشتنی پێچەوانە (مەفهومی موخالیف)ی ئەو قسەیە ئەوە ناگەیەنێت کە کێشەکانی کورد بەبێ چەک چارەسەردەبوون، ئەی لەو هەموو ساڵانەی خەباتی بێ چەکدا بۆچی کێشەکانی کورد چارەسەرنەبوون؟ ئەوجا خەباتی چەکداری کورد، ئەگەرچی تا ئەمڕۆ هەموو کێشەکانی

چارەسەرنەکردووە، بەڵام کوردی لەتواندنەوەو نەهێشتن ڕزگارکردووە، گەلێ سوودیشی گەیاندووە. **ئەگەر بزووتنەوە چەکدارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوونایە، بەرگ و زمانی کوردی لەوانیش قەدەغەدەکرا، شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بەرزان و شۆڕشی ئەیلوول و نوێ نەبوونایە، بەیانی یازدەی ئازارو حوکمزاتیەکەی بەعس و (بەهەموو خەوشەکانییەوە) و هەرێمی نەفرین و قەوارەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەخەویش نەدەبینران، بزووتنەوە** چەکدارەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان، گیانی کردەوە بە بەری کوردی باکووراو لەیەکێتی ئەورووپای گەیاند کە لەتورکیادا نەتەوەیەکی تریش هەیەو مافی دەخورێت و ئەویش مافی ئەو نەتەوەیەو مافی مرۆڤی کرد بە مەرج بۆ وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپاداو دوایی ئۆزاڵەکان و ئەردۆگانەکانی ناچارکرد دان بەبوونی کوردا بنێن، بەگشتیش ئەگەر بزووتنەوە چەکدارەکانی کورد نەبوونایە، ناوی کورد وەک ناوی ئەکەدییەکان مەگەر تەنیا لەلاپەڕەکانی مێژوودا ببینرایە!

لەڕاستیدا، لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی کەوتووەتە سەرپێ، هەرچەک ئامرازی هێزو دەسەڵاتبووە، چ بەرامبەر گیانداره دڕندەکان، چ بەرامبەر یەکدیش، کەسیش نازانێ لەهەگبەی ئایندەدا چی دەبێ، ئەمڕۆ کە ئەمریکا کەڵەگای دنیایە، لەبەرئەوەنییە ئەمریکاییەکان چاویان شین و قژیان زەردە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کاریگەرترین چەکیان هەیە، نەتەوە سەردەستەکانی کورد، بۆیە تائێستا هەر بەسەردەستەیەتی ماونەتەوە، چۆنکە چەکەکانیان لەهی کورد کاریگەرترە، ئا لەم گۆشەنیگایەوەیە کە نووسەری ئەم وتارە، لەچەندین نووسین

و بۆنەدا داوای خۆپڕچەککردنی حکومەتی هەرێمی کردووە لەسوپایەکی یەکگرتووی پڕمەشقدا، ئەم داخوازییە ئەگەر پێشتر لەتوانادا نەبووبێ، ئێستا دوای میزانیەیەکی دە ملیار دۆلاری کەشان لەشانی میزانییەکانی هەرکام لەسووریەو ئەردەن و لوبنان دەدات، ئەوەی تیادەبێ، جگەلەوە، خەو بینین بە بەڵێنەکانی ئەمریکاوە، یان گۆڕانی هەڵدان بەباڵای دیمۆکراتی و دەستوورو هاوپەیمانی و تەوافوقدا، نامانپارێزێ لەو گەردەلوولەی نازانین لە چ کاتێکدا هەڵدەکات!

**لەراستیدا کێشەکانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، یەک کێشەیە، ئەویش کێشەی ڕزگاری لەژێردەستی و کۆیلایەتی، ئەرکی هەر لایەنێکی کوردییە هاوکاریی و پشتگیری لایەنە کوردییەکانی تر بکات، بەئاشکرا یا بەنهێنی، نەک سارکردنەوەو سڕکردنیان، یا تەنیا هەڵوێستی سەیرکەر وەرگرن.**

**ئەفسەری ڕووسی P.Awandanow لەکتێبی شەڕەکانی نێوان تورکیا و ئێران و ڕوسیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: (لەشەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کورددا، تیرەکانی دی تەماشاچیبوون! تا نۆرە دەگەیشتە سەر ئەوانیش، هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزکانیانەوە بچن! هەتا هەندێجار لەرقی یەکدی یارمەتی ئێمەشیان دەدا!).**

بەپێی ئەو نووسینەی کوردستانی نوێ (پەککە واز لەچەک بێنێ و بێتەوە شار) مەبەست لەکام شارە؟ شارەکانی سوید و نەرویج؟ یا شارەکانی تورکیا؟ ڕەوانتر، بۆ ژێر چەقۆکانی قەساب!

لەراستیدا کێشەکانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا، یەک کێشەیە، ئەویش کێشەی ڕزگاری لەژێردەستی و کۆیلایەتی، ئەرکی هەرلایەنێکی کوردییە هاوکاریی و پشتگیری لایەنە کوردییەکانی تر بکات، بەئاشکرا یا بەنهێنی، نەک سارکردنەوەو سڕکردنیان، یا تەنیا هەڵوێستی سەیرکەر وەرگرن، **ئەفسەری ڕووسی P.Awandanow لەکتێبی شەڕەکانی نێوان تورکیاو ئێران و ڕوسیا لەسەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: (لەشەڕی نێوان ئێمەو هەر تیرەیەکی کورددا، تیرەکانی دی تەماشاچیبوون! تا نۆرە دەگەیشتە سەر ئەوانیش، هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە بەهانای هاوڕەگەزکانیانەوە بچن! هەتا هەندێجار لەرقی یەکدی یارمەتی ئێمەشیان دەدا!)**. ئێستا دوای دوو سەدە، نووسەرەکەی کوردستانی نوێ و لایەنەکەی، نەک هەر خۆیان بەدووردەگرن لەبەهاناچوونەوە، بەڵکو ڕەخنەی ئەوەش

لەپارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی دەگرن کە هاوسۆزە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان! ئەم هاوسۆزییەش بەپارادۆکسی چەک و سیاسەت ئەژماردەکات لەکاتێکدا کە چەک و سیاسەت تەواوکەری یەکن نەک دژییەک.

ئەو قسەیە چ فەلسەفەیەکی تێدایە کە دەڵێ: (هەموو جەنگێک ئەگەر بە جەنگ وەڵامبدرێتەوە جەنگێکی گەورەتر بەرهەمدێنێت)، ئاخۆ دەبێ وەڵامی جەنگ بەچی بدرێتەوە؟! خۆجەنگ شەپازلە ئاراستەکراوەکەی ڕووی عیسانییە کە ئەگەر بەرئەملای کەوت، ئەولاشی بۆ ئامادەکات و بەوە ئاو بەئاگردا بکرێ، مرۆڤیش وەک شینەشاهۆ نییە بەرامبەر چەکی ڕاوچی ملی خۆی بکات بەژێر باڵیدا، ڕاستە ئەمریکاو لایەنەکانی تر تائێستا دەرئەنجامە نەرێتییەکانی ئەو جەنگانە دەدروونەوە کە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئەی ئەگەر وەڵامی جەنگی ئەڵمانیان بەجەنگ نەدایەتەوە، تائێستاش لەژێر پۆستاڵی نازێتیدا نەیاندەناڵاند؟ ئەگەر جەنگی عیراق و ئەفغانیان نەکردایە، چەندین یازدەی سێپتەمبەری دی دووبارە نەدەبوونەوە؟

ئەو هەموو بانگەوازەی لەو وتارەی کوردستانی نوێ- دا هاتووە بۆئەوەی باڵەکانی کورد دەستبەرداری چەک بن، لەپای چی و خزمەتی کێ دەکات؟! ئەگەر چەک بەوجۆرە دەوری نەماوە، ئەی حکومەتەکەی بەغداد بۆچی لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەر لەئەمریکا بایی سێ ملیارو نیو دۆلار چەکی کڕیوە بۆخۆی؟ ئەی بۆ هەولێر بایی چەندی کڕیوە؟ **سەدام** حسێن لەوتاری (خندق واحد رم خنقان)**دا** دەڵێ: **(دەبێ کارێکی وابکەین کورد نە لەباری ماددی و نە لەباری مەعنەویی و نە لەئێستاو نە لەپاشەڕۆژدا دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ لەعێراق جیاببێتەوە!)**، واتا ڕزگاری نەبێ و نەبێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ئایا وتارەکەی سەدام و وتارەکەی کوردستانی نوێ یەک ئامانج ناپێکن؟ ئەمەیە ئەو کاریگەرترین و دروستترین و ئەقڵانیترین شێوازو کەرەستەی خەباتەکەی ژووری توێژینەوەی کوردستانی نوێ، کە لەکۆتایی وتارەکەدا فێرمان دەکات؟ ئاخۆ ئەگەر نووسەری ئەو وتارە داوای چەک داماڵین لەئەنکەرەش بکات، وەڵامی ئەنکەرە چی دەبێ؟!

جگەلەوانە، ئەمشێوازی نووسینە سەیرەی ئەم ڕۆژانە چییە کە خەریکە دەبێ بەباو بەوەی چەندین وشەو زاراوەی بیانی نامۆ تێکەڵ بەنووسینی کوردی دەکەن وەک: **(پارادۆکس، دیسکورس، میتۆد)** کە لەو وتارەدا بەکارهاتوون؟ من ناڵێم زمانی کوردی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە پێویستی بە وشەو زاراوەی بیانی نەبێت، بەڵام شتێک کە بەکوردی هەبێت بۆچی پەنا بۆ بیانی ببرێ و خوێنەرەوەی کوردی پێ وەڕەس بکرێ؟ بەرامبەر بەهەریەک لەو سێ وشەیە، دوو یا سێ یا چوار وشەی کوردی ئاسان و ڕەوانمان هەیە وەک:

**دیسکورس** Discourse **وتار، وانە**

**پارادۆکس** Paradox **نەگونجاو، دژیەک، ناکۆک**

**میتۆد** Method **بەرنامە، شێواز، ڕێگە، ڕێسا**

**کە دەتوانرێ بەپێی جێگەو مەبەست، هەریەکەو لەشوێنێکدا بەکاربهێنرێ، نازانم نوسەرانی ئەم شێوازە دەیانەوێ وا خۆیان پیشانبدەن کە لەئینگلیزیدا دەستێکی باڵایان هەیە؟ یا هەر بەراستی لەکوردیدا دەستیان کورتە؟**

***سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی لەباشووری کوردستان**
jeerkamiL@yahoo.com


## ڕانانی پەرتۆک

**پەرتۆکی "مێژووی دەسەڵاتداریێتی ئاینیی لەئێران"، لەنووسینی سیروان کاوسی مانگی جۆزەردانی 2010 لەوڵاتی نۆروێژ لەچاپدرا. لەم پەرتۆکەدا مێژووی شەش سەدەی ڕابردووی ئێران و کوردستان بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتیی تارووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا جێکراوەتەوە و، لە ئامادەکردنیدا پشتی بەدەیان سەرچاوەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بەستووە.**

**ئەو بەڕێزانەی خوازیارن ئەم پەرتۆکە بخوێننەوە، دەتوانن بەم ژمارە و ئیمەیل ئەدرەسەی خوارەوە پێوەندیی بگرن:**

0047 – 93839953
post@kncsite.com

# خۆپاراستن لەنەخۆشی دەروونی و ژیری!



## نووسینی: مامۆستا محەممەد شەیدا

نەخۆشییەدەروونییەکان و دەروونلەشییەکان لەنێو کۆمەڵانی جیهاندا پتر لەهەر نەخۆشییەکی دیکە بڵاوبوونەتەوە. ئەگەر سەیری ئامارەپزیشکییەکان بکەین، پێشبینی ئەوەدەکەین کە رێژەی نەخۆشییەدەروونییەکان گەلێک زیاترە لەنەخۆشییەکانی کە بەرێژەی نزیکەی ٢٠% ە. ئەم رێژەیەش دەگۆردرێ بەپێی شوێن و کۆمەڵ. لەهەندێ شوێندا زۆرە لەهەندێکی دیکەدا کەمە، لەنێو هەندێ کۆمەڵدا زۆرە و، لەهەندێکی دیکەدا کەمترە.

لەپێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، نەخۆشییەدەروونییەکان و، دەروونلەشییەکان زۆر لەم رێژەیە زیاترە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە تێیدا دەژی و ژیاوە، بەتایبەتیی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاریی.

**سەدەی بیستەم و بیست ویەکەم ناودەبرێ بەسەردەمی قەلەقی و نارەحەتیی مێشک، چۆنکە ئەم سەردەمە، سەردەمی خێرایی و خەباتە لەنێوەرۆکی ئەو پێشکەوتنەی کە لەزانست و تەکنۆلۆژیدایە. لەم دوو سەدەی دواییدا ئەوەندەی دەوڵەتان بایەخیانداوە بەدۆزینەوەی زانیاری و زانستی کە ئەنجامەکەی سەدان داهێنان و دۆزینەوەی نوێیە وەک چەکی کۆمەڵکوژ و کوشندە و مادەی کیمیایی و دۆزینەوەی بۆشایی ئاسمان و زۆر شتی دیکە کە هەمووی دژ بەمرۆڤ و مرۆڤایەتی و ئادەمیزادن، توێژینەوە لەدەروونی مرۆڤگەیشتن ئەو پێشکەوتنەی بەخۆیەوە نەبینیوە، واتا تێگەیشتن لەدەروونی مرۆڤ بەدواکەوتوویی ماوەتەوە. هەرچەندە زاناپزیشکەکان و دەروونناسەکان، هەوڵێکی زۆریانداوە لەم بارەیەوە، کە ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی بۆشاییەکی فراوان دروستبکات لەنێوان پێشکەوتنی مادی و کۆمەڵایەتیدا.**

خەڵکێکی زۆر تووشی قەلەقی و سەرسووڕمان و سەرئێشە و هیستریابوون، چۆنکە نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە مادییە خێراییەدا. هەروەها نەیانتوانیوە بگەنە ئامانجەکانیان، لەبەر ئەمە گەلێک شێوە لە پەشۆکییەرەوشتییەکان و نەخۆشییەدەروونی و عەقڵی لەنێو کۆمەڵانی جیهاندا دەرکەوتووە. ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک، دادوبێداد و هاواریانە بەدەست پەشۆکیی دەروونییەوە. ئایا لەشێوەی نەخۆشی دەروونیدا بێت، یان عەقڵی کە پێویستی بەچارەسەرکردنە لەنەخۆشخانە، یان لەشێوەی لادانی کۆمەڵایەتیی وەک تاوان و راهاتن لەسەر خواردنەوە و **لادانی توخمی (سکسی)** و **ناوێزە** و بەکارهێنانی مادەی سڕکردن وەک **هێرۆین** و **تلیاک** و **حەشیشە** و ..... هتد.

لەکوردستانی ئەمرۆ بەتایبەتی و، لەوڵاتانی خۆرهەڵات بەگشتیی، ئەم دیاردەیە بەزەقی دیارە و بڵاوبووەتەوە و چارەسەریشی کەمە، یان نییە. ئەگەر تۆزێک وردبینەوە، بەوردی بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارەکان، کێشەکۆمەڵایەتییەکان و ئابوورییەکان و رامیارییەکان. ئەمانە هەمووی لەکوردستاندا بەئاشکرا بەرچاودەکەون. هەژاری و بێدەرامەتیی روویکردووەتە زۆر بنەماڵە لەشار و شارۆچکەکاندا، ئاوارەبوون بەهۆی بارودۆخی رامیاری و ئابووریی وڵاتەوە تاکو

ئەمڕۆ بەردەوامە. زۆرخێزان منداڵەکانیان لە خوێندنگە و قوتابخانە دەردەهێنن و کاریان پێدەکەن. **زۆر لەو منداڵانە تووشی نەخۆشی دەروونیی هاتوون، پەرکەم (صرع) دەیانگرێ و تووشی گرێی دەروونی بوون، چونکە خۆیان بەکەمدەزانن و، وادەزانن هیچ نرخێکیان نییە.**

**گەلانی جیهان لە (٥٠) ساڵی رابردوودا زیاتر لەنەخۆشییەدەروونییەکان گەیشتوون وەک لەسەرەتای سەدەی بیست. لەبەر ئەمە خۆپاراستن لەنەخۆشییەدەروونییەکان بۆشاییەکی گەورەی بەنرخی داگیرکردووە لەلێکۆڵینەوە و توێژینەوە پزیشکییەدەروونییەکان و، لەپلانی پاراستنی تەندروستیدا.** بەڕاستی کێشەی تەندروستی و دەروونی و ژیریی، کێشەیەکی گشتییە، لەبەر ئەمە پێویستە بارودۆخێکی باش و تەندروستییەکی باش و ژیانێکی باش بۆ کۆمەڵ مسۆگەربکرێ، ئەمە باشترە لەوەی کۆمەڵ بەکێشەی نەخۆشییەکانییەوە خەریک بێت.

**لەم روانگەیەوە پێویستە ئەم هەنگاوانە تێبینی و رەچاوبکەین:**

**١- کارکردن:**

ئەگەربمانەوێت خۆمان دوورەپەرێزبگرین لەنەخۆشیی دەروونی و ژیریی، پێویستە خۆمان خەریک بکەین بەکارێکەوە، هەر جۆرێک بێت. کارکردن ڕێزونرخێک بەمرۆڤ دەبەخشێ، بەمەرجێک ئەوکارە لەلایەن کۆمەڵەوە هەڵسەنگێنرابێ و، پەسندکرابێت. بەڕاستی بێکاری دەبێتە هۆی قەلەقی و بیرکردنەوەی زۆر و رووکردنەکرداری نارەوا و ناپەسند وەک دزی و درۆزنی و لادان لەڕاستی و ڕێڕاستیی سروشتی.

**٢- جێبەجێکردنی ئارەزوو:**


زۆرکەس دڵشاد و بەختیار و دڵخۆش دەبن بەجێبەجێکردنی ئارەزووەکانیان، وەک کۆکردنەوەی پارەی کۆن، پوولی پۆستەی سەردەمە رابردووەکان، گوڵبازی، بەخێوکردنی باڵندە و ئاژەڵ، بایەخدان بە باخچە و دارودرەخت، وێنەکێشی و پەیکەرتاشی و ... هتد، بەهۆی جێبەجێکردنی ئەم ئارەزووانەوە گەلێک شتی نوێ دەهێنرێتە کایەوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەم ئارەزووانەوە مرۆڤ دوورەپەرێز و بێوەیی دەبێت لەگەڵێک لەنەخۆشییە دەروونی و ژیرییەکان.

**٣- ژیانی نێوکۆمەڵ:**

مرۆڤ بەشێوەی سروشتی، ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەمە دوورکەوتنەوەی لەنێوکۆمەڵ، مرۆڤ هەست بە تەنیایدەکا و تووشی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆردەبێت. واتا مرۆڤ ناتوانێ لەکۆمەڵ جیابێتەوە، چونکە لەنێوکۆمەڵەوە بە بەشداریکردن لەچالاکییەکاندا، مرۆڤ دەپارێزرێت لەگەڵێک نەخۆشیی دەروونی و ژیریی. هەروەها دووردەکەوێتەوە لەخواردنەوەی کهوڵی زۆر و قومارکردن و دزی و درۆزنی و شەڕفرۆشتن و بەکارهێنانی مادەسڕکەرەکان.

**٤- لەخۆگەیشتن:**

پێویستە لەسەر هەموو کەسێک کە لەخۆی بگات و بزانێ حاڵەتی چییە لەهەموو روو و بارەیەکەوە و، بەپێی ئەوە دەتوانێ بەرهەڵستی هەموو رووداوێکی سروشتی، یان کتوپڕبکات. چونکە هەڵەشەیی و هەڵچوون حاڵەتێکی رووخێنەر



لەمرۆڤدا دروستدەکات. مرۆڤ پێویستە هەڵوێستێکی **باشی** هەبێت بەرامبەر هەڵوێستی کەسانی دی، لەخۆشی و لەناخۆشیدا. واتا کۆنترۆڵی دەروونیی پێویستییەکی ئەمڕۆیە، چونکە لەناو کۆمەڵێکی پەشۆکاو و دواکەوتوودادەژین.

پێموایە پێویست ناکات مرۆڤ شەرم بکات، چونکە شەرمنی هەلەکانی ژیان لەدەست دەدات و زیان بەمرۆڤ دەگەیەنێت. هەروەها پێویستە مرۆڤ نرخ بۆ هەموو هەڵوێست و بۆنەیەک دابنێ، بەر لەوەی خۆی لەو کێشەیە بگلێنێ.

خۆهەڵقورتاندن لەکاری خەڵکدا، لەنرخ و ڕێزی مرۆڤ کەمدەکاتەوە، دانبگرە بەخۆتدا و کۆنترۆڵی خۆت بکە و هەڵوێستی ڕاست وەربگرە و بەباشی بیربکەرەوە.

## ٥- چاودێریی تەندروستیی منداڵ لەژینگەی ماڵدا!

چاودێریکردنی تەندروستی منداڵ، پێوەندیی بەئاستی ڕۆشنبیریی دایک و باوکەوە هەیە کە تێبکۆشن بۆ ڕۆشنبیرکردنی منداڵیان و ئامۆژگاریکردنیان بەوەی مامناوەندبن لەهەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکدا و توندڕەونەبن. هەروەها باری توخمی مندالەکانیان ڕانەپەڕێنن و نەهێڵن کوڕەکانیان کرداری ژنانە بنوێنن و، کچەکانیان کرداری کوڕانە بنوێنن، هەروەها ڕاهێنانیان لەسەرپاک و خاوێنی و، لەگەڵ گەورەدا شێوەی دواندنیان فێربکەن.



## ٦– بایەخدان بەمنداڵ لەدایەنگە و باخچەی منداڵان و خوێندنگەکاندا!

**جگەگۆشەکان و خونچەکانی ژیان، ژنان و پیاوەکانی دوارۆژن.** دەبێ وەک چاو گۆشەبکرێن، تا ئەم ژن و پیاوانەی دوارۆژ، لەشساخ و ژیر و زانا دەرچن و سوود بە کۆمەڵگەکەیان بگەیەنن و، خزمەتی خاکی نیشتمان بکەن و بیپارێزن. جگەرگۆشەکانمان پێویستە هەر لەسەرەتای ژیانەوە، پەروەردەیەکی زانیاری و زانستانە بکرێن، بەشێوەیەک لە هەمموو قۆناخەکانی خوێندندا خۆدووربگرن لەکرداری توندوتیژی و شەڕولێدان وقسەی ناڕەوا و سووک و ناپەسند. هەروەها دەبێت دوارۆژی بخرێتەبەرچاو، بۆ ئەوەی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو هەوڵبدا و، بزانێ کۆمەڵگەکەی لەدوارۆژدا چەندە پێویستی پێیانە، چۆنکە ئەوان گەورەی دوارۆژن.

### ٧– دانانی گەلێک یاسا و سنوور بۆ فرۆشتنی خواردنەوەی ئەلکۆل و مادەسڕکەرەکان!

دانانی هەندێک یاسا سەبارەت بەقەدەخە و سنووردانان بۆ فرۆشتنی ئەو مادانە، بەتایبەتیی یاسای قەدەخەکردنی ئەو مادانە بەگەنجان کە تەمەنیان لەخوار (١٨) ساڵە، هەروەها قەدەخەکردنی لاوەکانی ژێر ١٨ ساڵ، بۆ چوونە ئەو سینەمایانەی کە فیلمی سێکسی بەکاردەهێنن، هەروەها قەدەخەکردنیان لەبارەکان و یانەکانی شەوانە. هەروەها پێویستە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕاگەیاندنەکان، زیانی ئەو مادانە دیاریبکەن و، ئامۆژگاریی لاوەکان بکەن کە دووربکەنەوە لەو مادانە و لەو شوێنەناپەسندانە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە گەلێک یانە و مەڵبەند بۆ لاوان ئامادەبکرێن، وەک یانەی وەرزشی و کتێبخانە و ... هتد.

### ٨– کردنەوەی نەخۆشخانە و بیمارستانی تایبەت!

پێویستە گەلێک نەخۆشخانەی تایبەت دروستبکرێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی تووشی بەکارهێنانی مادەسڕکەرەکان بوون، هەروەها کردنەوەی گەلێک نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەدەروونییەکان و ژیرییەکان، چۆنکە فەرامۆشکردنی ئەم نەخۆشانە، دەبێتە هۆی کۆسپێکی گەورە لەنێوخێزان و کۆمەڵدا و، لەگەڵ پشتگوێخستنیان، ئەو نەخۆشییە دەروونییانە دەگۆڕدرێن بۆ نەخۆشیی لەشدەروونی و، باری تەندروستییان بەرەو خراپی دەچێ و، ئەوکات چارەسەرکردنیان زۆر گران و دژواردەبێت.

### ٩– بایەخدان بەژنانی سکپڕ و چاوەدێرییان!

پێویستە بایەخ بدرێت بە ژنانی سکپڕ. خواردنی ڕۆژانەیان بۆ دیاریبکرێت، بەتایبەتیی ئەو خواردنانەی کە گەشەدەدات بە کۆرپەی نێوسکی دایک. ئاگادارکردنی نەشتەرگەیی منداڵبوون زۆر پێویستە، چۆنکە جۆری لەدایکبوونی منداڵ بەقورسی لەدایک بێت، یان بەسووکی، کارێکی گەورە و پەرچدانەوەیەکی زۆریدەبێت بۆ سەرباری تەندروستی و دەروونیی ئەو منداڵەساوایە و دایکی.

## بەڕێز دوکتۆر موعتەسەم تاتایی، ئابووریناس و مامۆستای ئابووری لەزانستگەی لەندەن، مانگی رابردوو بەسەردانێک چووە وڵاتی چین، بۆبەشداریی لە کۆنگرەی جیهانیی ئابووریی. سەرنجی ئێوەی هێژا بۆ ئامانج و مێژووی ئەم کۆنگرەیە،

## لەزمانی رێزدار موعتەسەم تاتاییەوە رادەکێشم!

**پ: بەڕێز کاک دوکتۆر موعتەسەم تاتایی، مانگی رابردوو، چوونە وڵاتی چین و بەشداریتان لەکۆنفرانسی ئابووریی کرد کەلەلایەن حەوت وڵاتی گەورەی پیشەسازیی جیهانییەوە بەسترابوو. کۆنفرانسەکە بۆچی لەوڵاتی چین گیرا و، مەبەست لەگرتنی ئەم کۆنفرانسە چی بوو؟!**

**و:** رێکخراوێک هەیە بەناوی "Econometir Society"، کە گەورەترین رێکخراوەی ئابووریناسانی دنیایە و، کۆمەڵەیەکی زۆر لەئابووریناسانی وڵاتانی جیهان سەر بەم رێکخراوەیەن.

ئەم رێکخراوەیە، چوار ئامانجی سەرەکیی گرتووەتە ئەستۆی خۆیەوە:

**١- بڵاوکردنەوەی ژورناڵێکی ئابووری بەناوی "Econometrica".**

**٢- بڵاوکردنەوەی A Monograf Series لەگەڵ زانستگەی کەمبریج لە بریتانیا.**

**٣- بەڕیوەبردنی زانیاریی ئابووریی لەشەش هەرێمی جۆربەجۆری دنیا و، سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ئابووریی، هەر پێنج ساڵێک لەشوێنێکی دنیا.**

**٤- هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرێتیی رێکخراوەکە.**

کۆنگرەی چین کە پێنج رۆژی خایاند، یەکێک بوو لەم کۆنگرانەی کە ئەم رێکخراوەیە بەڕێوەی دەبات. سەرۆکایەتیی رێکخراوەکە، بڕیاریدا کۆنگرەی ئەم جارە لەوڵاتی چین ببەسترێت. **بۆچی ئەم کۆنگرەیە لەوڵاتی چین بەسترا؟** چۆنکە ئیدی نابێ وڵاتی چین لەریزی وڵاتانی پاشکەوتوو دابنرێت، کە پێی نابێتە قۆناخی پێشکەوتنەوە. وڵاتی چین لەم ساڵانەی دواییدا توانی پێش ئەڵمان و ژاپۆن بکەوێ و، لەدوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ببێت بە دووەمین وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنەری دنیا. ئەم راستییە گەورە ئابوورییە بوو بەهۆی ئەوە کە بەهاوکاری زانستگەی **شانگهای** (Shanghai)، ئەم کۆنگرەیە لەوڵاتی چین بەڕێوەبچێ و، شارەداری ئەم شارە رۆڵێکی گەورەی لەبەڕێوەچوونی کۆنگرەکەدا گێڕا.

**پ: مێژووی ئەم کۆنگرە هاوبەشە ئابوورییە بۆکەی دەکەڕێتەوە و، تاکو ئێستا چەند جار کۆبوونەوەی ئەنجامداوە؟**

**و:** ئەم کۆنگرەیە، وەک باسمکرد هەر پێنج ساڵ جارێک دەگیرێت. تاکو ئێستا هەشت کۆنگرە گیراوە. لەم هەشت کۆنگرەیە، پێنجی لە ئۆروپا گیراوە. **کۆنگرەی یەکەم لەساڵی ١٩٦٥ لەشاری رۆم لەوڵاتی ئیتالیا بەڕێوەچوو. کۆنگرەی دوو لەساڵی ١٩٧٠ لە لەبریتانیا بەڕێوەچوو. کۆنگرەی سێ، ساڵی ١٩٧٥ لە کانادا گیرا. کۆنگرەی چوار ساڵی ١٩٨٠ لەبارسلۆنا لەسپانیا بەڕێوەچوو. کۆنگرەی پێنج لەساڵی ١٩٨٥ لە** ئەمریکا. دواتر ئەم کۆنگرانە لە ئەمریکا و لە ژاپۆن گیران. لەهەر یەکێک لەم کۆنگرانەدا ژمارەیەکی زۆر لەئابووریناسانی دنیا بەشداریدەکەن. بۆنموونە لەکۆنگرەی بارسلۆنادا کە لەساڵی ١٩٩٥ گیرا، زیاتر لە ١٤٠٠ ئابووریناس بەشدارییانکرد.



**پ: ئایا ئامانجی ئەم رێکخراوەیە لەبەستنی ئەم جۆرە کۆنگرانە گەیاندنی زانیاری و بۆچوونی خۆیانە بە وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی، یان راستەوخۆ لەلایەن ولاتانی گەورەی پیشەسازییەوە ئەم رێکخراوەیە دامەزراوە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابووریی جیهانی و خستنەڕووی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی و چارەسەرکردنی!**

**و:** ئەم رێکخراوەیە، سەربەهیچ حکوومەت و رێکخراوەیەکی جیهانیی نییە. ئەم رێکخراوەیە سەربەخۆیە و، هەوڵدەدات پەرە بەزانستی ئابووریی بدات بەشێوەیەکی گشتی. دیارە

وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی دنیا لەنێزیکەوە و بەوردی لە دەستکەوتەکانی کۆنگرەکانی ئەم ڕێکخراوەیە دەکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن سیاسەتێکی گونجاوی ئابووریی بدۆزنەوە و، ئەو گیروگرفتیانەی لەگەڵی بەرەوڕوون، بیناسن و، ڕێچارەی شیاوی بۆ دەستنیشان بکەن. یەکێک لەباسەگرنگەکانی کۆنگرەی ئەمساڵ، شیکردنەوەی ئەم قەیرانە ئابوورییە بوو کە دنیای گرتووەتەوە. دەتوانم بڵێم زۆر باس وشیکردنەوەی گرنگ لەسەر ئەم بابەتەکرا کە دەتوانێت بۆ زۆرێک لە وڵاتان سوودبەخش بێت.

**پ: وەک بەڕێزتان ئاگادارن، ماوەی سێ ساڵێکە، قەیرانی ئابووری، وڵاتانی گەورەی پیشەسازیی دنیای گرتووەتەوە. سەرەڕای بەکارهێنانی هێندێک پرۆژەی چاکسازیی ئابووری، بەڵام هێشتا ئەم قەیرانە بنەبڕنەکراوە. هێندێک لەشارەزایان و کارناسانی سیاسی و ئابووری، باوەڕیانوایە ئەم قەیرانە، بەسازکردنی جەنگێکی گەورەی تازە لە جیهان، بۆوێنە لەرۆژهەڵاتی ناڤین بەڕووخانی هێندێک ڕژێمی دیکتاتۆری خاوەن حەشیمەتی زۆر و بەسازکردنی چەند دەوڵەتێکی تازە چارەسەردەکرێت. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە!**

**و:** وڵاتی ئەمریکا، لەدووسەدساڵی ڕابردوودا، چوارجار تووشی قەیرانی گەورەی ماڵی و دارایی بووە. یەکەمین قەیرانی دارایی لەساڵی ١٨٧٣ ڕوویدا. دووەم قەیرانی گەورە لەساڵی ١٩٠٧ ڕوویدا. قەیرانی سێیەم لەساڵەکانی ١٩٣٠ تاکو ١٩٤١ ڕوویدا، دوایین قەیران ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٩ ڕوویدا. هەرکاتێک قەیرانی ماڵی گەورە



لەئەمریکادا ڕوویدابێت، قەیرانەکە بەرەوڕووی دنیاش بووەتەوە. ئێمە پێویستە چەند شتێک لەبەرچاوبگرین: یەکەم، قەیرانی ماڵی زۆر زۆر وێرانکەرترێکە لەقەیرانی ئابووری. دووەم، لەگەڵ تووشبوونی ئەمریکا بەقەیرانی ماڵی، یان ئابووری، قەیرانەکە دنیاش دەگرێتەوە. ئەگەر چاوێک بەو ڕێکەوتانەدا بخشێنن کە لەسەرەوەدا ئاماژەم پێکردن، قەیرانی ماڵی یەکەم و دووەم، زۆریان نێوان نەبوو، تەنیا ٣٠ ساڵیان نێوان بوو، بەڵام لەنێوان قەیرانی سێیەم و چوارەمدا ماوەی ٧٠ ساڵ درێژەیان کێشا. بێگومان هۆکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ زانست لەبواری ئابووریی گەورە (Macroeconomics)، گەلێک زۆرترێکە لەرابردوو. ئابووریی گەورە ئەمڕۆکە لەزانستگەکاندا وەک وانەیەکی تایبەت دەخوێندرێت. لەکاتێکدا پێش ساڵەکانی ١٩٣٠ وانەبوو.

قەیرانی ساڵەکانی ١٩٣٠، وانە و ئەزموونێکی یەکجار زۆری تێدابوو، کە وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیا هەوڵی زۆریاندا کە بتوانن لەو وانە و ئەزموونانە کەڵکوەربگرن. کاتێک قەیرانی ئەم دواییە لەساڵی ٢٠٠٧ ڕوویدا، بەوردی سەرنجی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی سالەکانی ١٩٣٠ یاندایەوە و، ئەوەش یارمەتیکردن کە چلۆن بتوانن قەیرانەئابوورییەکەی پێ چارەسەر بکەن. بەکارهێنانی ئەزموونەکانی پێشوو، دوای تێپەڕبوونی ١٨ مانگ، یارمەتیی گەلێک لەوڵاتانی خاوەن کێشەکەیکرد، کە خۆیان لەقەیرانەکە بهێننەدەرەوە.

ئێستا ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی خاوەن پێشەسازیی گەورە، لەقەیران هاتوونەتەدەرەوە، بەڵام هێشتا بەتەواوەتیی نەیانتوانیوە بکەونە سەرهێڵی گەشەی ئابووریی. هێشتا ڕێژەی بێکاری لە ١٠% نەهاتووەتەخوارەوە. هێشتا خەڵک نەهاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە بەبێترس پووڵەکانیان خەرج بکەن و، ترسی دواڕۆژیان نەبێت. هۆی ئەمەش ئەوەیە قەیرانی ئابووریی زوولاناچێ و، تاکو ماوەیەک دەمێنێتەوە. تەنیا سیاسەتێکی ئابووریی دروستە کە بتوانێت ماوەی قەیرانەکە کورت بکاتەوە. ئەگەر تەماشای سیاسەتی ئابووریی ئەمریکا و وڵاتانی قەیرانلێدراوی دیکە بکەین، دەبینین ئەو سیاسەتە ئابوورییەی کە ساڵی ٢٠٠٩ هەڵیانبژارد، زۆر ڕاست و دروستبوو. هەوڵیاندا کە دەوڵەت

لەبواری سازکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانە و ڕێگە و جادە و شوێنەگشتییەکاندا سەرمایە بخاتەگەڕ. ئەوە بوو دوای ١٨ مانگ ڕەوتی پەرەسەندنی قەیرانەکە ڕاگیرا. بەڵام دوای ئەو ئامۆژگارییانەی کە لەلایەن JWF ی جیهانییەوە هات کە ئەگەر لەبیری قەرزەکاندا نەبن، ئەوا وەرشکست دەبن، ئەو سیاسەتە باشەی تووشی مەترسی کرد و، بوو بەهۆی ئەوە کە ئەو دەوڵەتانە واز لەو سیاسەتە باشە ئابوورییە بهێنن کە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە دەستنیشانیانکردبوو. لەئاکامدا جارێکی دیکە ئابووریی ئەمریکا بەرەو کزی ڕۆی و، ئێستێ مەترسی ئەوە هەیە، سەرلەنوێ قەیرانێکی نوێی ئابووریی سەرهەڵداتەوە.

لەم ڕۆژانەدا JWF بۆچوونەکەی خۆی گۆڕی و دەڵێت، پێویستە حکومەتەکان




لەبری بیرکردنەوە لەقەرزەکانیان، چاو لەگەشەی ئابووریی وڵاتەکەی خۆیان بکەن. شایانی باسە، ئەمە یەکەم جار نییە کە JWF بەهەڵە سیاسەتی ئابووریی بەوڵاتان پێشنیاز دەکات.

من لەو باوەڕەدام، ئەگەر دەوڵەتان واز لەسیاسەتی چەوتی ئابووری هەڵگرن، دەتوانن بەبێئەوەی جەنگێکی دیکەی جیهانیی سازبکرێت، قەیرانەکە جێبەجێ بکەن، ئەگەرنا دەبێ چاوەڕوانی هەموو شتێک بکەین، لەوانە جەنگێکی دیکەی جیهانیی.

**پ: هاوینی ئەمساڵ، بڕیارێکی تازەی نێونەتەوەیی سەبارەت بەگوشاری ئابووریی لەدژی ئێران دەرچوو. وەک دەزانین پێشتر چەندین بڕیاری لەم جۆرە لەدژی ئێران دەرچووە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان بۆسەر ڕژێمی ئێران نەبووە. ڕژێمی ئێران، ئەوکات و ئێستاش بەگاڵتەوە باسی لەهەموو ئەم بڕیارانە کردووە. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟!**

**و:** ئەگەر تەماشای بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو بکەین، زۆربەیان هەوڵیانداوە ڕەخنەکە بخەنەسەر ئەوبەشە لەئابووریی ئێران، کە دەتوانێت پێوەندیی بە چەکی ئەتۆمییەوە بێت. هەربۆیە، ئەو بڕیارانەی پێشوو، زیاتر گوشاری سیاسی بوون و، باری سیاسییەکەی قورستربوو لە لایەنە ئابوورییەکەی. ئێران وڵاتێکە ئابوورییەکەی بەستراوە بە نەوتەوە. ئەگەر گوشاری ئابووریی بخرێتەسەر ئەم بەشە، ئەوا ئێران ناتوانێ بەرگە بگرێت. بەپێچەوانەوە ئەگەر گەمارۆدان، یان گوشار بۆ سەر ئێران، کەرتی نەوت نەگرێتەوە، ئەوا ئێران دەتوانێ لەبەرامبەر هەرجۆرە گوشارێکی دەرەکیدا خۆی ڕابگرێت. سامانی ژێرزەوی، دەورێکی کاریگەر لەئابووری ئێراندا دەگێڕێت، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی داروودەستەی بەڕێوەبەرێتیی ئێران تاکو ئێستا گاڵتەیان بەبڕیارەنێودەوڵەتییەکان بێ و، بڕیارەکان بەهێند وەرنەگرن. بەڵام وێدەچێ بڕیاری ئەم جارەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر کەرتی نەوتی ئێرانە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا لەدرێژماوەدا کاریگەریی گەورەی بۆ سەر ئابووریی ئێران دەبێت.

# کورتەی ژیان و بیرەوەری و ڕوانگەی پێشمەرگەی دێرین و، سیاسەتکاری کورد ڕێزدار سەردار پشدەریی، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا!

**بەڕێز کاک سەردار، سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین بۆئەنجامدانی وتووێژە لەگەڵ بەڕێزتان. داواتان لێدەکەین کورتەیەک لە ژیانی خۆتان بۆ خوێنەرەوەی کۆنگرە باسبکەن.**

**و:** لە هاوینی ساڵی ١٩٤٨ لە کوێستانی کێلێی سنووری نێوان عێراق و ئێران کە دەکاتە نێوان پشدەر و سەردەشت لەدایک بووم و ناوم لە هەردوو دیوی باشوور و ڕۆژهەڵات نوسراوەو کۆلکەو نفووس و پاساپۆرتی هەردوو لاشم هەیە.

## سەردار لە ٥ سالیدا ١٩٥٣ و لە ١٥ ساڵیدا ١٩٦٣

لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لەشوێنی باوکم چەکم هەڵگرت و بەشداربووم لە شۆڕشی ئەیلوول، ماوەی دووساڵ لەناوچەی پشدەرو بنکەی دۆڵی شەهیدانی سەرووی سەنگەسەر پێشمەرگە بووم، دوای دروستبوونی دووبەرەکیی نێوان **دەستەی برایم ئەحمەدو مەلا مستەفای بارزانی** و گەڕانەوەی دەوڵەت بۆ ناوچەی پشدەر لەساڵی ١٩٦٥ دەستم لە پێشمەرگایەتی هەڵگرت و ڕۆیشتمەوە قوتابخانە بۆ درێژەپێدانی خوێندنەکەم.

ماوەی دووساڵ درێژەمدا بە خوێندن و دوای ڕۆیشتنەوەی دەستەی برایم ئەحمەد بۆ پاڵ دەوڵەتی عێراقی لە ١٩٦٦، بووم بە بەرپرسی قوتابیانی ناوچەی پشدەر، کاتێک دەستەی برایم ئەحمەد کە پێیاندەگوتن (جەلالی)، هاتنە ناوچەی پشدەرو قەڵادزە، منیان تەنگەتاو کردو ناچار بووم قوتابخانە بەجێبهێڵم و برۆمەوە شاخ و ببمەوە بە پێشمەرگەو، وەک خوێندەوارترین پێشمەرگە لە نێو هێزی کاوەی پشدەردا تەماشا دەکرام، دوای چەند مانگێک شۆڕش



ئەکادیمیای تۆپخانەو تەقەمەنی کردەوە بە هاوکاری ئەفسەرانی ئیسرائیل و ئەرتەشی ئێرانی، نێردرام بۆ ئەو ئەکادیمیایەو دوای چوار مانگ خوێندن، بەیەکەم دەرچووم، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا گفتووگۆ هەبوو.

## (١٩٦٧)

دوای دەرچوونم لەو ئەکادمیایە، ئەکەدیمیای پەروەردەی مامۆستای قوتابخانە هاتە ئاراوە، بەشداریمکرد لەو ئەکادیمیایەش و لێرەش پلەی یەکەمم بەدەستهێناو مامۆستایەتی قوتابخانەی بێتواتەیان سپاردپێم، ماوەی شەش مانگ لەو قوتابخانەدا دەرسم گوتەوە تاکو هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨، لێرەوە دەستم لە مامۆستایەتیی قوتابخانە هەڵگرت و چوومەوە نێو ڕیزی هێزی چەکداری لە هێزی بێتواتە و، بووم بە فەرماندەی مەفرەزەیەکی ٣٠ سی پێشمەرگەیی، چەند شەڕێکی بەرچاو و ناودارم لەو ناوچەیە کردو یەکەم کەس بووم کە لەشۆڕشدا چەکی ئارپێچم بەکارهێنا دژی لەشکری عێراقی و لەدواییدا ڕۆیشتمەوە

ناوچەی پشدەر و بووم بە بەرپرسی یەکێک لە تۆپەکانی "هێزی کاوە".

لە هێزی کاوەش بەشداریمکردوە لە چەند تۆپبارانێکی لەشکری عێراقی و چەند شەڕێکدا، بەتایبەتی لە شەڕی دۆڵی شەهیدان کە بووم بە بەرپرسی بەرەی شەڕ و لە کۆتایی ١٩٦٩دا دەستێکی باشمان لە لەشکری عێراقی وەشاند کە بە یەکێک لە چوار شەرە گەورەکانی شۆڕشی ئەیلول دیاریدەکراو لەرووی لەشکرییەوە لووتی لەشکری عێراقی شکاندو سەری بە دەوڵەتی عێراقی شۆڕ کردو گفتوگۆی ١٩٧٠ی هێنایە ئاراوە.

دوای ئەوەی کە دەوڵەتی عێراق بەیانی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی بڵاوکردەوەو ١٢ فەوجی پاسەوانی سنوور دروستکرا، بووم بە ئەفسەر لە فەوجی ١٢ ی پاسەوانی سنوور لەناوچەی پشدەرو هەر لەو سەروبەندەشدا ژیانی هاوسەریم پێکهێنا.

تێکچوونی نێوان من و حەسۆمیرخانی فەرماندەی ناوچەی پشدەر، بوو بەهۆی دوورخستنەوەم و لە ساڵی ١٩٧٤ دا چوومە هێزی باڵەک و لەهەڵگیرسانەوەی شەڕدا یەکەم تۆپبارانی لەشکری عێراقیم کرد لەسەر چیای "گەڵی عەلی بەگ"، بەهاوکاری عیزەتی سلێمان بەگ و توانیمان یەکەم بنکەی لەشکری عێراق لەسەری"بێخاڵ" داگیر بکەین، بەردەوام بووم لە تۆپباران و هێرشکردنە سەر رژێم و، بووم بە چاوساغی تێکرای تۆپخانەی شۆڕش لەو شەرە گەرمەی ناوچەی رەواندزو باڵەکایەتی، دوای ئەوەی بەردەوام لە هێرشدابووم بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی بناری "هەندرێن"، لە مانگی ١١ ی ١٩٧٤ کەوتمە ناو بێستانی (مین) ئەلغامەوە، بە ٣٥ پارچە بریندار بووم، دەستێک و قاچێکم شکاو پارچەیەکیش بەر بربرەی پشتم کەوتووە و ئەوەش بووەتە هۆی ئازارێکی زۆر لە لای چەپی لەشم و تاکو ئەمرۆ دەرمانێک دەستنەکەوتوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئێش و ئازارەی هەمە.

لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلولدا لە مانگی ٣ ی ١٩٧٥ دا لە نەخۆشخانەی سەردەشت بووم، هەڵوێستی شای ئێران وایلێکردم بە دەستوپێی شکاو و باخەڵی بەتاڵەوە بگەڕێمەوە ناوچەی پشدەر.

لە ناوچەی پشدەرو عێراق بەردەوام خەریکی چارەسەری برینەکانی خۆم بووم، دەستمکرد بەکاروباری دروستکردنی پردو بەنداو و، سەرکەوتنم بەدەستهێناو باری ئابووریم زۆر بە باشی گۆڕا، بەشێکی داهاتەکەم بەسەر هاوسەنگەرەکانی پێشوو و هەژارانی ناوچەکەدا دابەشکردو بەشێکیشم کردە دەستمایەی کوردایەتی.

دوای هەرەسی رژێمی شای ئێران و ئازادکرانی بەشێکی رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆم بێبەشنەکرد لە هەڵکێشانی نەفەسی ئازادی و لەکات و ساتی خۆیدا خۆمگەیاندە رۆژهەڵاتی کوردستان و هاوکاریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانم کرد، بەشدار بووم لە دروستکردنی کۆمیتەی نیزامی و لەشکری ئەو حیزبە و بووم بە ئەندامی کۆمیتەی نیزامی و بەرپرسی نیزامی ناوچەی سەردەشت، دوای ٩ مانگ مانەوە لەنێو ئەو حیزبەدا، بەناوی تیماری ئازارەکانی حیزبی دیمۆکرات و رۆژهەڵاتی کوردستانم بەجێهێشت و رۆیشتم بۆ لەندەن.

من وەک کوردێکی نەتەوەیی راسترەو، هەر لەو کاتەوە لە لەندەن دەستمکردووە بە پێوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتە رۆژئاواییەکان، پرۆژەو پێشنیاری گۆڕانکاری جوغرافیایی و دابەشکردنی وڵاتەداگیرکەرەکانی عێراق، ئێران، سووریا، تورکیا و ئازربایجانم خستوونەتە بەردەم و نەخشەی کوردستانی گەورەم کێشاوەو پێشکەشیکردون، بەرێزەوە پێشوازی لە پرۆژەکانمکراوە.

بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەی سەربەخۆیی، لەسەردەمی کۆڕەوەکەدا لە ساڵی ١٩٩١ پرۆژەی نەوتی کوردستان و پرۆژەی ویلایەتی موسڵم هێنایەئاراوە، جەماوەر پێشوازییان لێکرد بەڵام حیزبەکان رێگەیان لێمگرتوو هەوڵی دزینی پرۆژەکەیان دا، من نەمویست پرۆژەکە بە خوێنی کورد سووربکەم، لەبەر ئەوە گەرامەوە لەندەن و ماوەی ٢٠ ساڵە نەگەڕاومەتەوە کوردستان، لەو ماوەیەدا چەندین کتێبی مێژووی و ئابوری و سیاسیم نووسیوە، کە شەش کتێبی لێ چاپکراوە.

**پ: بەڕێزتان لە شۆرشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بوون. شێوازی وەرگرتنی پێشمەرگە لەو سەردەمەدا چۆن بوو، ئایە هیچ دەورە و پەروەردەیەک لەئارادا بوو، یان هەر کەسە و بە چەکی خۆیەوە دەیتوانی تێکەڵ بە هێزی پێشمەرگەبێت.**

**و:** لە ڕاستیدا لە سەرەتادا شۆرش، شۆرش نەبوو تا بەرنامەی جۆراوجۆر دابڕێژێ و پێشمەرگە بە بەرنامە وەربگیرێ و پەروەردەی بکات یان چەک و تەقەمەنیی بۆ دابین بکات.

لە سەرەتادا عەشایرەکان (ئاغاو بەگ و شێخەکان) لەترسی جوتیاران و دابەشکرانی زەوییەکانیان بەپشتیوانی ساواکی ئێران لە دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین و مەلامستەفای بارزانیان بەزۆر ڕاکێشایە نێوخۆیان و وەک پێشرەو قبوڵیان کرد، دوای شەش مانگێک پارتیش وەک حیزب پێوەندی بە مەلامستەفای بارزانی و هەندێک لە سەرۆک خێڵەکانەوە کرد، دوای ئەوە ئەفسەرو سەربازە کوردکان و پۆلیس هاتنە ناو ڕیزی ڕاپەڕینەکەو وردە وردە ئەو ڕاپەڕینە بەرەو ڕێرەوی شۆرش ڕۆیشت.

لەسەرەتادا تەنها ئاغاو بەگ و شێخەکان چەک و چەکداری خۆیان هەبوو، چەکدارەکانیان لە شێوەی نۆکەری بۆ ئاغاکانیان چەکیان هەڵگرتبوو، نەک بۆ کوردایەتی و شۆڕشگێری.

حیزبییەکان چەک و چەکداریان نەبوو، دوای هاتنەدەرەوەی ئەفسەرو سەرباز و پۆلیس بە چەکی خۆیانەوە هەندێکیان ڕۆیشنە ناو ڕێکخراوی پارتییەوە، هەر لەسەرتاوە باڵباڵێنەو خزمخزمێنە لەناو شۆڕشەکەدا دروستبوو،

**چوار باڵی سەرەکی لەناو شۆڕشەکەدا دەبینرا:**

**١ - باڵی عەشایرەکان (ئاغاو بەگ و شێخ).**

**٢ - باڵی مەلامستەفای بارزانی.**

**٣ - باڵی پارتی و حیزبییەکان.**

**٤ - باڵی ئەفسەرو سەرباز و پۆلیسەکان.**

باڵی عەشایرەکان چەکدارێکی زۆر باشیان هەبوو و کۆکوپۆشتە و تێروپڕبوون، بەشێکیان چەکیان لە ئێرانیش وەرگرتبوو و مووچانەشیان بۆ بڕابووەوە.

باڵی مەلامستەفا، چەکیان کەم بوو و بێپارە و جلوبەرگ و ڕووتورەجاڵ بوون، خۆیان بە عەشایرەکان بەخێو دەکردو چەک و تەقەمەنیشیان هەر لەوان دەستدەکەوت.

حیزبییەکان، لەسەرەتادا زۆر بە خراپی ژیانیان بەسەردەبرد، بێچەک، بێپارەو داهات، زۆرینەی کاتیان لە دیوەخانی عەشایرەکاندا بەسەر دەبردو هەموو خەرجێکیان لەسەر ئەوان بوو.

ئەفسەرو سەربازو پۆلیسەکان، لەسەرەتادا وزعیان باشبوو، کۆکوپۆشتە و بەشی ژیانی خۆیان پێبوو، زوربەشیان چەکی خۆشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، دەیان ئەفسەری پایەبەرزی وەک **مقەدەم عەزیز عەقراوی، عەقید کافی، عەقید نوری کەلەشێر، عەقید عەگید، عەقید نافیز جەلال** و بە دەیان ئەفسەری پایەبەرزی تر.

ئەو چواربالە هەر یەکەی بەشێوەیەک خۆی ڕێکخستبوو، لە سەرەتادا هەر هەمووی جلوبەرگی خۆماڵیی کوردییان لەبەر بوو، لەو سەردەمەدا خەڵک هەژار بوو، کەم کەس هەبوو کە جلوبەرگەکەی نەدڕابێ یان پینەنەکرابێ، دێتەبیرم کە لە ساڵی ١٩٦٣ مەلامستەفا هات بۆ ناوچەی پشدەر نزیکەی ٥٠٠ بارزانی و بادینی لەگەڵ بوو، لەگەڵ مام هەژار ڕۆیشتین بۆ دیتنی، لەم ٥٠٠ کەسە تەنها جلوبەرگی مەلا مستەفا نەدرابوو پینە نەکرابوو.

خۆم لە ساڵی ١٩٦١ لەدیوەخانی بابەکراغای گەورە، جەلال تاڵەبانیم دیوە بەجلوبەرگی دراوەوە و یەککەسی لەگەڵ بوو ئەویش تاپڕێکی پێبوو، کورەکانی بابەکراغا ڕانکوچۆغەیاکیان پێبەخشی و هەندێ چەکداریان لەگەڵ نارد بۆ گوندی هێرۆ.

بارودۆخەکە بەم شێوەیە ڕۆیشت تاکو ساڵی ١٩٦٣ کە باڵی مەلامستەفا و پارتی و حیزبییەکان هەردوک باڵی عەشایرو ئەفسەرو سەربازو پۆلیسیان لاوازکرد و بۆخۆیان

دەسەڵاتی شۆرشەکەیان گرتەدەست، لێرەوە بەشی پێشمەرگە وردە وردە بەرەو رێکخستن رۆیشت، هەندێ لە ئەفسەرەکوردەکان بەرێوەبەراتی هێزی پێشمەرگەیاندەکرد، سەربازو پۆلیسەکانیش رۆیشتنە نێوریزی پێشمەرگەوە، وردە وردە بەرگی خاکییش پەیدا بوو، هەر کەسێکیش توانای کرینی هەبایە بەرگی خاکیی دەکرِی، بەشەش مانگ جارێک هەندێ یارمەتی پێشمەرگەیان دەدا کە ئەویش هەر بەشی پێڵاوێکی لاستیک، یان پەروتوتن و سیگاری دەکرد.

لە ١٩٦٣ وە پێشمەرگەفرۆشیی هاتە ئاراوە، هەریەکەی بەجۆرێ، دووبەرەکی دروستبوو، بەشێکی زۆری عەشایرەکان پێوەندییان بەدەوڵەتی عێراقەوە کردەوە، بەشێکی زۆری ئەفسەرو پۆلیسەکان گەرانەوە نێودەوڵەت، سەرکردایەتی پارتی دیمۆکرات لەگەڵ بارزانی لێکترازان و هەریەکەی بەجۆرێک ئەویتری تاوانبار دەکرد، "ساواک"ی ئێران یاریی بە هەردوو لایاندەکرد، هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی شۆرشگیر خەریکی پاراستنی بەرەکان بوو، دزوموفتەخۆر و پێشمەرگە فرۆشەکانیش، پێشمەرگەیان بە خەیاڵدا نەدەهات. کەسێک کە بهاتبایە بۆ پێشمەرگایەتی، دەبوو چەکی لەگەڵ خۆی بهێنابایە، ئەگەر چەکی پێنەبایە ماوەیەکی زۆر بەبێ چەکی دەمایەوەو دەبوو خزمەتی چەکدارەکانی بکردبایە.

ئەز لەو سەردەمەدا رۆیشتمە نێوریزی پێشمەرگەوە بە چەک و جلوبەرگی خۆمەوە، بنکەکەمان لە دۆڵی شەهیدانی ناوچەی سەنگەسەر بوو، نزیکەی ٣٠٠ پێشمەرگەیەک دەبووین، تەنها پێنج پێشمەرگە بەرگی خاکیی لەبەردابوو. فەرماندەی هێزەکەمان ئەفسەرێکی کورد بوو بەناوی (ملازم تاریق) کە خەڵکی کەرکوک و یەکێک بوو لە ئەفسەرە لێهاتووەکانی کورد، پیاوێکی زۆر کوردپەروەرو ئازاو خوێنشیرین بوو، لەبەر ئەوەی ملازم تاریق باوەڕی بە حیزبایەتی و سیستەمی عەشایری نەبوو، بەهەموو لایەک لێی



کەوتنە خۆو دەیان پیلانی جۆراوجۆریان بۆ دارشت تاکو پاڵیان پێوەنایەوە بۆ نێودەوڵەت.

ساواکی ئێران بەئاشکرا یارمەتی حیزبییەکانی دەدا، بەڵام لەژێر پەردەدا یارمەتی مەلامستەفاشی دەدا، هێزی پێشمەرگە وەک هێزی کوردپەروەر، کوردایەتی و سەنگەرپارێزیی خۆیدەکرد، بێخەبەر بوو لە فرتوفێڵی سەرکردایەتی، پێشمەرگە بۆ کوردو کوردایەتی گیانی خۆی دەبەخشی و نەیدەزانی سەرکردایەتی بۆ دەسەڵات و کورسی و باخەڵپرکرن پێشمەرگە بە کوشت دەدەن.

دوای تێکشکانی حیزبییەکان و هاتنە کایەی دەسەڵاتدارێتیی مەلامستەفای بارزانی لەساڵی ١٩٦٤ بەدواوە، ساواکی ئێران یارمەتی بۆ بارزانی زیادکردو رۆژ بەرۆژ هێزی پێشمەرگە بەرەو بووژانەوە دەرۆیشت، بەرگی خاکیی لە ئێرانەوە دەهات و بەسەر پێشمەرگەدا دابەشدەکرا، دەتوانم بڵێم لە ١٩٦٥ بەدواوە هەموو هێزی پێشمەرگە بەرگی خاکیی پۆشی و وەک شێوە عەشایرییەک بەسەر بنکەکان و بەرەکاندا دابەشکرابوون.

دوای نزیکبوونەوەی مەلامستەفای بارزانی لە ئیسرائیل لە ١٩٦٦، ئیسرائیلییەکان پێشنیازی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەو کردنەوەی دەورەی چەک و تەقەمەنیان بە مەلا مستەفا کرد، لە ساڵی ١٩٦٧ لە ناوچەی خانەی ئێران و حاجی هۆمەران و قەسرێ بە هاوکاری ئەفسەرانی ئیسرائیلی چەند دەورەیەکی تۆپ تەقەمەنی کرایەوەو منیش لەو دەورانەدا بەشداریمکرد.

لێرەوە پێشمەرگە زیاتر بەرەو ڕێکخستن ڕۆیشت بەڵام بەرپرسی زۆر خراپ و نەزان و دزو ترسەنۆک بۆ بەڕێوەبەرایەتی پێشمەرگە دادەنران، پێشمەرگە نان و دۆ و پیوازیشی دەستنەدەکەوت، بەرپرسی پێشمەرگەو ئەندامانی سەرکردایەتیش لە برنج گۆشتخواردن وەرەس بوووبوون.

**پ: سەبارەت بە شەڕوشۆڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای داگیرکەری عێراق بۆمان بدوێن. ئایە شەڕی پێشمەرگە لەهەموو هەرێمەکان لەلایەن ناوەندێکی فەرماندەیەتیی گشتییەوە سەرپەرشتیدەکرا و، پلان و نەخشەی بۆ دادەڕێژرا، یان هەر فەرماندە و ئامرکەرت و ئامیرهێزێک بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی لەگەڵ هێزەکانی دوژمن بەرەوڕوو دەبووەوە؟!**

**و: شەڕو شۆڕەکانی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ ڕژێمی عێراقیدا بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕی:**

**١ – قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی عەشایر.**

**٢ – قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی ئەفسەرەکان.**

**٣ – قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی حیزبییەکان.**

**٤ – قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی مەلامستەفاو کوڕەکانی.**

لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی عەشایردا، سەرۆک عەشایرەکان بۆخۆیان بەشێوەی عەشایری شەڕەکانیان دەکرد، هەندێکیان بە نابەدڵی شەڕەکەیان دەکرد، هەندێکیشیان پڕ بەدڵێکی کوردایەتییەوە شەڕەکەیان دەکرد، یەکەم شەڕ کە ڕوویدا لە دەربەندی بازیان کوێخا سمایلی تەلان سەرپەرشتیدەکرد و پڕ بەدڵێکی کوردایەتی شەڕەکەی کرد و کاکەحەمەی برای لەو شەڕەدا شەهید بوو، ئاغاکانی پشدەرو بیتوێنیش لە سەیداوای نزیک ڕانیە لە ١٩٦٢ شەڕێکی گەرمیان لەگەڵ دەوڵەت کرد، بێجگە لەوەش لەشکرێکی زۆریان ناردە هاواری مەلامستەفا بۆ سەری حەسەن بەگ و چەند مانگێک لەوێ مانەوە بۆ شەڕ، هەندێک لە سەرۆک عەشایرەکانی وەک حاجی برایمی چەرمەگاو حوسێن و عومەر سورچیش شاخ و بەرەکانی کوردستانیان بە دەوڵەت فرۆشت.

لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی ئەفسەرەکاندا، ئەفسەرەکان زۆر بەرێکوپێکی پلانیان بۆ شەڕو پێکدادانەکان دادەڕشت و لووتی لەشکری عێراقیان دەشکاند، بۆنموونە لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٣ مقەدەم عەزیز عەقراوی ئامیر هێزی چیای سەفین بوو، دەوڵەتی عێراقی شەش مانگ لەشەڕدا بوو تاکو توانی بەشێکی کەمی چیای هەندرێن داگیر بکات، ئەوەش بەهۆی کەمی فیشەک و خۆراک و ئاو بۆ پێشمەرگە، لەشکری دەوڵەتی عێراقی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، مقەدەم عەزیز عەقراوی وەک کوردپەروەرو جەنگاوەرێکی ئازا لەناو ڕیزی پێشمەرگەدا شەڕی دەکردو وەک پێشمەرگە نانی وشکی دەخوارد.

لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی حیزبییەکاندا، خزمخزمێنە و دەستەودەستەگەری هاتە ئاراوە، پیاوی ترسەنۆک و نەزان لەشەرداو ئەندامی حیزبیان دەکردە فەرماندەی هێز، ئەوانەش بۆخۆیان نەدەڕۆیشتنە نزیک شەڕ و، جەبهەکانیان لە چەند ڕۆژێکدا دەگیرا، بۆ نموونە دوای لادانی مقەدەم عەزیز عەقراوی لە فەرماندەیی هێزی سەفین، عومەردەبابە کرایە ئامیرهێز و ئەویش بەبێ بەرگری و شەڕ، چیای هەیبەتسوڵتانی کۆیەی بەجێهێشت بۆ لەشکری دەوڵەتی عێراقی، لەلایەکی ترەوە جەلال تاڵەبانی فەرماندەی هێزی شارباژێر بوو، بەڵام ناتوانی کەسێک پەیدا بکەی کە بڵێ جەلال تاڵەبانیم لە بەرە، یان لەشەڕێک، یان لەنێو سەنگەرێکدا دیوە.

لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتیی مەلامستەفای بارزانی و کوڕەکانیدا، ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵ ئەواندا مابوونەوە لە خۆشەویستیی کورد و کوردایەتی و بارزانیدا مابوونەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەلا مستەفای بارزانی و کوڕەکانی بەشداریی هیچ شەڕێکیان نەکردووە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی لە شۆڕشی ئەیلولدا، لەدوای ساڵی ١٩٦٦ یشدا، دوو بازنەی

بارزانی و بادینیان دروستکردبوو بۆ پاراستنی خۆیان، بازنەی یەکەم چەند کەسێکی بارزانیی نەزان و ترسەنۆک و دزیان دانابوو بە ئامیرهێز کە هیچ کامێکیان بەشداریی هیچ شەڕێکی نەکردبوو، لەبەرەکان نزیک نەدەکەوتنەو ئەوانیش مەسینەهەڵگرو خزمەکانی خۆیان دەکردە بەرپرسیاری لەخۆیان خوارتر، ئەگەر بیانزانییایە پێشمەرگەیەک بەشەڕ و ئازایەتی ناو دەردەکات لەنێویاندەبرد، ناوی ئەو ئامیر هێزانەی ئەو بازنەش (**حەسۆ میرخان، عەلی شەعبان و مەلا ئەمین بارزانی بوو**).

بازنەی دووهەمیش، بادینیەکانیان کردبوو بە ئامیرهێز، هێزی پێشمەرگە کەمتر گوێی بۆ ئامیرهێزە بارزانی و بادینیەکان رادەگرت، ئەو ناکۆکییە بوو بەهۆی ئەوەی زوربەی چیاکان بکەوێتەدەست لەشکری عێراقی. هەندێ پێشمەرگەش هەبوو لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا گوێیان نەدەدایە ئەو ئامیرهێزانە و وەک شۆرشگێرێک بەرگرییان لەخاک نیشتمانی خۆیاندەکرد، نموونەی ئەوانەش یەکێکی وەک منە کە نێوانم زۆر خراپ بوو لەگەڵ حەسۆ میرخانی فەرماندەی "هێزی کاوە" و لە ١٩٦٩ دا، وەک شۆرشگێرێکی دڵسۆزیش لەشەڕی دۆڵی شەهیدان دا بەهۆی بەرگری و بەجێنەهێشتنی بەرەکەوە بەرپرسیارێتیی بەرەکە کەوتەدەستم و جەبهەکەم پاراست، تاکو مەلامستەفای بارزانی پاسەوانەکانی خۆی ناردە هاوارم و لەشکری عێراقیمان تێکشکاند.

ئەو هۆکارهانەی سەرەوە، بوو بە هۆی ئەوەی کە فەرماندەی هێزەکان نەتوانن پرۆژەو پلانێکی دارێژراو دابنێن بۆ تێکشکاندنی لەشکری عێراقی.

**پ: دەگوترێ، شۆرشی ئەیلوول خاوەنی ١٥٠٠٠٠ پێشمەرگە بووە. چۆن بوو شۆرشێکی وا مەزن، کە هێزێکی چەکداری واگەورە و، پشتیوانیی جەماوەریی چەندین ملیۆنیی کوردی لە پشتبوو، لەشەووڕۆژێکدا تواپەوە. سووچی هەرەسهێنانی شۆرش بۆ بارزانی و سەرکردەیەتیی کورد دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەمریکا و شای ئێران؟**

**و:** هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ١٩٧٤ دا، هەڵگیرسانەوەیەکی بێبەرنامەبوو، تێکڕای بەرپرسانی شۆرشی ئەیلوول لەبەر دزی و رابواردن و دروستکردنی کۆشکوتەلار ئاگایان لە پرۆژەدانان بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ نەمابوو. لەماوەی چوارساڵدا بیریان لەوە نەدەکردەوە کە پردی باش دروستبکەن لەسەر رێڕەوەکان، پردێک هەبوو لەسەرووی بنکەی دۆڵی شەهیدانەوە کە رێڕەوی نیوەی خوارووی کوردستان بەسەر ئەو پردەدا بوو بەلاّم پردەکە ئاو بردی و دارێکی بەسەردا راهێڵرابوو.

هێزی دزو موفتەخۆرو مەسینەهەڵگر، نوقەی لە پێشمەرگەی ئازاو کوردپەروەر برییوو، هەرچی دەهات خزمی بەرپرسێک بوو چەکێکی باشی دەدرایەو بە مووچانەیەکی باش دادەمەزرێنرا، پێشمەرگە شۆرشگێرەکۆنەکانیش هەر چەکەکۆنەکەیان پێبوو و بە چاوێکی بچووک تەماشادەکران، ئەوەش کارێکی وایکرد کە پێشمەرگە ئازاو شەرکەرەکان دڵیانبشکێ و شەڕ نەکەن، لە یەک حەفتەدا لەشکری عێراقی تەواوی خوارووی کوردستانی داگیر کردەوە.

ئەز یەکێک بووم لەو پێشمەرگە دڵشکاوانە، کە دوو حەفتە پێش هەڵگیرسانەوەی شەڕ، حەسۆمیرخانی فەرماندەی هێزی کاوە، منی دەستگیرکردو بە بەندکراوی منی نارد بۆ سەرکردایەتی شۆرش، کاک ئیدریسی مەلا مستەفای بارزانیش کە لە نزیکەوە منی دەناسی، بەزمانێکی لووس منی بەرێکرد بۆ رەواندزو بەرەی باڵەک، پێشمەرگە سەرشێتە کوردپەروەرەکانی وەک من، بەشەڕ کردنەوە خەریک بوون، دەیان هەزار دزو موفتە خۆریش لە دوای بەرەوە لە ناوچەی حاجی هۆمەران و دیوی ئێران دەسووڕانەوە.

### بەلای منەوە هۆکاری هەرەسی شۆرشی ئەیلول دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک:

١ – هۆکاری لەشکریی، راستە ١٥٠ ٠٠٠ پێشمەرگەی ناونووس هەبوو، بەلاّم ژمارەی پێشمەرگەی شەڕکەر نەدەگەیشتە دوو هەزار کەس، لەبەر گوێنەدان و حیساب بۆنەکردنی پێشمەرگە شەرکەرەکان، ئەو دوو هەزار پێشمەرگەش رۆژ بە رۆژ رووی لە کەمی دەکرد، ئەوەش بوو بە هۆی سەرکەوتنی لەشکری عێراقی لە شەڕەکاندا.

لەدوارۆژەکانی شەڕدا، رۆژێک پێش برینداربوونم، بە چوار هێزی پێشمەرگە (هێزی باڵەک، هێزی خەبات، هێزی رزگاری، هێزی هەڵگورد) کە هەریەکەیان زیاتر لە ٠٠٠ ٢٠ پێشمەرگەیان لەلا ناونووس کرابوو، نەیاندەتوانی ١٠٠ پێشمەرگە بۆ من کۆبکەنەوە کە لەگەڵم بێن بۆ هێرشێک بۆگرتنی مۆڵگەیەک لە بناری "هەندرێن"، چۆلکردنی بەرەکانی شەڕ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، مەلا مستەفاو شای ئێرانی ترساند لە پێشرەویی لەشکری عێراقی بەرەو حاجی هۆمەران، ئەوەش وایکرد کە شای ئێران چەند گوردانێک تۆپخانەی ئێرانی بنێرێتە دەوری رەواندزو هاوکاری پێشمەرگە بکات بۆ پێشپێگرتنی لەشکری عێراقی، تۆپخانەکانی ئێران لە ناوچەی رەواندز مانەوە تاکو هەرەسی شۆڕش دەستیپێکرد.

٢ - هۆکاری بێ بەرنامەیی، کۆرەوێکی بێ بەرنامەی جەماوەر کە زیاتر لە ملوێن و نیوێک خەڵک، دەوڵەتی عێراقی بەجێهێشت و هاتنە ریزی شۆڕشەوە، ئەو خەڵکەش هەمووی شەڕکەر نەبوون، زوربەیان کارمەندو سەربازی هەڵاتووبوون، بوون بە بارێکی قورس بەسەر سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولەوە و هەر ئەوانیش دەستی مەلامستەفایان بەزۆری خستە ژێرسەری شای ئێرانەوە، چۆنکە هەر کە یەکەم رۆژ تەیارەی عێراقی هەڵسا زوربەیان رووەو سنوور رۆیشتن و چوونە نێوخاکی ئێرانەوە، ئێرانیش ئوردوگای بۆکرنەوە و دەستی مەلا مستەفای پێبەست.

٣ – سەرکەوتنی تەمەنی مەلامستەفاو نەخۆشییەکەی و ئەو هەموو ئاوارانە، رێگەی لە مەلا مستەفا گرت کە وەک ساڵی ١٩٤٦ بێمنەتی لە شای ئێران دەرببڕیت و بەچیاکانی کوردستانەوە بمێنێتەوە، لەلایەکی تریش دەترسا وەک سەردەمی شۆڕشی دەرسیم کە کورد بێپشت و پەنا مایەوە، داگیرکەران سەدەها هەزار کورد لەنێوبەرن، کە مەلا مستەفا گوتی شەڕ ناکەم، لەسەرکردەکانی کورد پیاوێکی تێدا نەما بڵێ: **"مەلا مستەفا شەڕ ناکات من دەیکەم!"**. پێشمەرگە زۆر بوو بەڵام رێبەرو شوانی نەبوو .

٤ – بێباوڕیی ئەمریکا بە مەلامستەفای بارزانی. هەموومان دەزانین لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە نزیکییەکی زۆر لەنێوان ئەمریکا و بریتانیادا دروستبووە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە دوژمن - دوژمنی هەردوولایە، لە ساڵانی ١٩٢٠ تا جەنگی جیهانی دووەم، مەلا مستەفا دوژمنێکی سەرسەختی ئینگلیز بووە، لەولاشەوە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ رووسەکاندا هەبووە. دوای هەڵگیرسانی شەڕی سارد لە نێوان سۆڤیەت و رۆژئاوادا، بارزانی لە سەنگەری سۆڤیەت دابوو، لەهەڵگیرسانی شەڕی ئەسکەندەرییە و کاناڵی سوێسیش، بارزانی پشتگیری خۆی بۆ جەمال عەبدوالناسر دەربڕی دژی ئنگلیزەکان لە ١٩٥٣ دا. دوای گەرانەوەشی بۆ عێراق لە ١٩٥٨ دا هەر پێوەندیی بە رووسەکانەوە مابوو، رووسەکانیش لەساڵی ١٩٧٠ دا بارزانییان فریودا کە دەست لەپێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلییەکان هەڵبگرێت و لەگەڵ عێراق رێکبکەوێ بۆ خۆماڵیکردنی نەوتی عێراق و دەرکردنی کۆمپانیا رۆژئاواییەکان، ئەو هۆکارانە وایانکرد کە سێ بەسێ (ئەمریکا و شا و ئیسرائیل) چەند پیلانێک دابڕێژن بۆ تێکدانی نێوان دەوڵەتی عێراق و بارزانی و، لەدواییشدا تۆڵەی خۆیان لە بارزانی بکەنەوە. ئەنجامەکەی بەوەگەیشت لە ١٩٧٤ دا، پەیمانێکی زۆریان بە مەلامستەفا دا بۆ ئەوەی بەو بڕیارەی دەوڵەتی عێراق رازی نەبێ و شەڕ هەڵبگیرسێنێتەوە، کە شەڕیش هاتەکایە، پەیمانەکانیان بەجێنەهێناو دەستیان لە پشتیوانیی مەلا مستەفا هەڵگرت.

**پ: لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، بەهۆی پێوەندیی توندتۆڵی نێوان سەرکردەیەتیی شۆڕش و رژێمی شای ئێران، پۆل پۆل ئەندامانی سەرکردەیەتی و کادر و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن ئامێرهێز و دەسەلاتدارانی شۆڕشی ئەیلوولەوە تەسلیم بە رژێمی حەمەرەزاشا کرانەوە و، زۆربەیان لەلایەن "ساواک" ی ئێرانەوە گوللەبارانکران. هێندێکی دیکەش لەناوچەکانی شۆڕشدا بێسەروشوێنکران. ئەگەر لەم بارەیەوە سەرنج و بیرەوەرییەکتان هەیە، تکایە باسی لێوە بکەن**

**و:** دەبێ بڵێین، بەداخەوە بێجگە لەوەی کە ساواکی ئێران مەلامستەفای بارزانی و هەردووک کوڕەکەی (ئیدریس و مەسعوود) ی لەباوەش خۆیگرتبوو، هەروەها پێوەندیی لەگەڵ یەکبەیەکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و فەرماندەی هێزو سەرلقەکانەوە بەستبوو، هەوڵوتێکۆشینی ساواک بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی هێزی کوردەکانی ڕۆژهەلات بوو، چۆنکە بەراستی هێزێکی جوان و کۆک و پۆشتەیان هەبوو لەناو شۆرشی ئەیلوولدا.

دێتە بیرم کاتێک لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨ دا بەشێک لە شۆڕشگێرانی ڕۆژهەلات لەژێر سەرکردایەتی سولەیمانی موعینی (فایەق) دا ڕۆیشتنەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕاپەرینیان هەڵگیرساند، حەسۆمیرخانی فەرماندەی هێزی کاوە بەدوایدا ناردم، کە چووم، داوایلێکردم مەفرەزەیەک لەگەڵ خۆم بەرم و بڕۆم شەڕی ڕاپەڕیوانی ڕۆژهەلات بکەم، منیش بقسەم نەکردو ئەویش بە تووڕەییەوە چەکەکەی لێستاندم. دەبێ بڵێم بەداخەوە خەڵکی تر هەبوو بقسەی کردو ڕۆیشتنە کوێستانەکان بۆ چەککردنی ئەو شۆڕشگێرانە،

کاک فایەق شۆرشگێرێکی زۆر ئازاو نەترس بوو بۆ باشوری کوردستان، ماوەی ٦ ساڵ بەشداری لە هەموو تاڵی و سوێرییەکی کوردەکانی خوارووی کوردستان و شۆرشگێراندا کردبوو، ئەوەندە پیاوێکی ئازاو خۆشەویست بوو کە مەلا مستەفای بارزانی وەک کۆڕەکانی خۆشیدەویست.

**مەسعود بارزانی + سولەیمانی مەعینی + مەلا مستەفای بارزانی + ئیدریس بارزانی + سابیر بارزانی ١٩٦٢**

ساواکی ئێران بە پشتیوانیی ئیدریسی مەلامستەفا، کەوتە قەلاچۆکردنی ئەو شۆڕشگێرانەو لە سەر سنوور بەپیلانێکی پارتی و ساواک کاک فایەق لە لایەن قادر تەگەرانییەوە دەستگیر کراو دایانە دەست سدیقەفەندی بەرپرسی لقی ٤ ی پارتی لە سلەیمانی. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگەدا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگەی بارزانی ڕادەگوێزێت، ڕۆژی چوارشەممە ١٥ – ٥ – ١٩٦٨ کە دەکاتە ٢٥ – ٢ – ١٩٤٧ ی هەتاوی، بە ئەمری ئیدریس بارزانی، سولەیمان شەهیددەکرێت، هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلیکۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانی



پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورەبەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک رەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

زۆر بەداخەوە هەر لەسەرەتای شۆرشی ئەیلولەوە تاکو ئەمڕۆ، کوردەکانی رۆژهەلات بەفەرمانی ساواک و ئیتلاعاتی ئێرانی بەدەستی کوردەکانی خوارو لەنێودەچن و ژمارەی لەنێوچووانیش لە هەزار کەس تێپەریوە.

**پ: پاش هەرەسهێنانی شۆرش، گەلێک لەو کەسانەی ئەندامی سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلول بوون و، دەسەلاتدار بوون لە شۆرشەکەدا، پاش نەمانی شۆرش و کۆچیدوایی بارزانیی، تاوانی هەرەسەکەیان خستە ئەستۆی مەلا مستەفا بارزانییەوە و، دەیانگوت مەلامستەفا حیسابی بۆکەس نەکردووە و، خۆی بڕیاردەربووە لەشەڕکردن و، لە شەڕوەستان. ئێوە لەم بارەوە بۆچوونتان چییە؟**

**و:** ئەوەی من ئاگادارم لە ١٩٦٧ وە کاک ئیدریس هەموو دەسەلاتە نێوخۆییەکانی لەدەست مەلامستەفا دەرهێنابوو، مەلامستەفا تەنیا بڕیاری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و دلنەوازی خەلکی بەدەستەوە مابوو، راستە مەلامستەفای بارزانیی بڕیاردەری سەرەکیی بوو، بەلام ئەو بەرپرسیارانەی دەوری مەلامستەفاش هەر هەموویان مەسینەهەلگرو دزو موچەخۆری بارزانی بوون، پیاوێکی ئازاو شۆرشگێرو کوردپەروەریان تێدانەبوو، سەرکردەیەتیی بالی جەلالییەکانیش وەک سەرکردەیەتیی پارتی بەرپرسیارن، چۆنکە ئەوانیش لەو کاتەدا لەلای مەلامستەفا بوون، بەتایبەتی برایم ئەحمەد کە لەگەل مەلامستەفا رۆیشتە ئێران و بە پارەی ئەو خۆیگەیاندە لەندەن، خۆ مەلامستەفا دەستوپەلی کەسی نەبەستبوو، ئەگەر ئەوانە هەموویان شۆرشگێرێکی ئازاو لێهاتووبایەن، دەرۆیشتنە چیایەکی دوور لە مەلامستەفا و دەیانگوت مەلامستەفا شەڕ ناکات ئێمە شەڕ دەکەین، ئەوکاتە بە دەیانهەزار پێشمەرگەو شۆرشگێر هەبوو کە لەدەوریان کۆببێتەوە، بەلای منەوە وەک شۆرشگێرێک ئەو ئەندامانەی سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلول، لە مەلامستەفا تاوانبارترن لە هەرەسپێهێنانی شۆرشی ئەیلوولدا، بەشێکی زۆر لەوانە، هەردوای هەرەسی شۆرشەکە گەرانەوە باوەشی دەولەتی عێراق و وەزیفەی بەرزیان درایە و بوونە مووچەخۆری دەولەتی عێراقی، پێشمەرگەو شۆرشگێرانیش لە نێوزیندانەکاندا دەیاننالاند یان دەگەڕان بەدوای کرێکاریدا، بۆ بژێوی مال و مندالیان.

**پ: لەروانگەی بەڕێزتانەوە هۆی چییە تاکو ئەورۆ، سیاسەتکار و نووسەر و لێکۆلەرەوەی کورد، خۆی لەقەرەی چۆنێتیی دەستپێکردنی شۆرشی ئەیلوول و، شیکردنەوەی تەوەر و هۆکارەکانی تایبەت بە هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلوولەوە نەداوە؟**

**و:** لە کوردەواریی قسەیەک هەیە کە دەلێ: "**تۆز لە قوڕ هەلناستێ**". وەک لەسەرەوتر باسمکرد: ئەو بەرپرسیارانەی دەوری مەلامستەفا هەر هەموویان مەسینەهەلگرو دزو مووچەخۆر بوون، ئەو پیاوەنین کە راستییەکان بۆ خەلک ئاشکرا بکەن. ئێستاش بەدوای وەزیفەو مووچەو مەسینەهەلگرییەوەن، دکتۆر مەحموود عوسمان، دوای هەرەسەکە، چۆنکە مالی مەلامستەفا لەو پارە دانراوەی کە لەلایان مابوو، بەشیانندەدا و، بۆ خۆخاوێنکردنەوە و خۆ نزیککردنەوە لەبالی جەلالییەکان، نامیلکەیەکی بچکۆلەی چەند لاپەرەی بەقەدەر نووشتوی مەلایەک نووسی و لەدواییدا بەپەلە ئەوەشی کۆکردەوە، وەک دەبینین ئێستا چووەتەوە ژێر هەر ئەو بارە وەک سەردەمی شۆرشی ئەیلول، دەم بۆ مالی بارزانی پان دەکاتەوەو وەک کورد هیچی بەسەر نەهاتبێ، ئەوانە نووسەرانی کوردیشیان وەک خۆیان فێر کردوە کە وشەیەک بەبێ داهات نەنووسن، نووسینەوەی ئەو داستانانەش هیچ داهاتێکی پێوەنییە، بۆیە کەس بێجگە لە چەند کەسانێکی وەک من خۆی لە ئاشکراکردنی راستییەکان نادات.

**پ: بارودۆخی ئێستاکەی کورد چۆن دەبینن؟**

**و: من گەشبینم بە دوارۆژی کوردو پێموایە لەسالی ١٩٩١ وە چەپکەگولێک بۆ کورد ئامادە کراوە، بەلام کورد بۆخۆی نازانێ ئەو چەپکە گولە وەربگرێ، ئەوەی راستی بێ تاکو ئەو حیزبە کوردییانە دەسەلاتیان بەدەستەوە بێت و قسەکەری کورد بن، کورد هیچی دەستناکەوێت، ئەوانە هەریەکەی بەشێوەیەک خۆیان لەبازنەی سیاسی نێونەتەوەیی بەدەر ناوە، بەباسکردنی عێراقچێتی و ئێرانچێتی و سوریاچێتی و تورکیاچێتی، کێشەی کورد بچووک دەکەنەوە و دەیخەنەوە ناودەمی داگیرکەرانی کوردستانەوە.**

# داهاتوو هی ئێمەیە

## دوایین نامەی شەهید فەرزاد کەمانگەر بۆ برازاکەی

ڕێبین، گیانی مامەی!
ئەمڕۆ کەگۆرانیت کوت،
لەچاوەکانتدا ئەو ڕەستەیەم خوێندەوە:
داهاتوو هی ئێمەیە...)
بەڵام لەبیر مەکە،
خاکێک کەئەوینی لەسەر دەس
پێدەکا،
هەزاران سیاچەمانەی ئەویندارانەی
لەدڵی خۆیدا حەشار داوە.
هەزاران دەستەگوڵی ڕازاوە،
بەبێ ئەوەی بەپەرچەمی هیچ
زولفێکەوەهەڵواسرێن،
لەناو ئەم خاکەدا نێژراوون.
لەبیر مەکە،
هەزارا ن ئاوات
حەز و ئەوین
بۆن و بەرامی خۆش
بیرەوەری و هیوا
بزەو هەزاران خونچەگوڵی نەپشکوتوی لەدڵی خۆیدا
بۆ داهاتو هەڵگرتووە.
ڕێبین:
ئەو خاکەلەخۆڕازییە،
ئەو وڵاتەلەخۆ باییە،
ئەو دایکەدڵ ڕەقە،
جوانترین ڕۆڵەکانی،
ڕازاوەترین دەستەگوڵەکانی،
بەسۆزترین حەیران و هۆرەکانی
تەنیا بۆخۆی دەوێ و
لەدڵی خۆیدا دەیشارێتەوە.
چون دەزانێ کەس وەک ئەو نایانپارێزێ.
تۆش گیانی مامەی
ئەویندارانە
وەک کوڕێکی بەورەو ئەمەگ ناس
پارێزەری ئەو هەموو جوانی و ئەوینە بە



**وەرگێڕ: ئاریا موکریانی**

# چەپڵەیەك بۆ موعەممەر قەزافی

**بەهرۆز جەعفەر**



لەهەر کاتێک زیاتر، ئەمڕو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە،کە وڵاتەکانیان پێویستی بەسەرکردەی بەهێز هەیە، بەمدوایە مالیکیش لەمەڕ کاندیدکردنەوەی بۆ سەرەکوەزیرانی عێراق ئەمەی باسکردەوە، میسرییەکان داوای **"عەبدولناسر"** ێکی ترو بەعسییەکانیش خوازیاری **"میشیل عەفلەق"** و گەنجێکی تری وەک **"فواد رکابی"** دەکەن، هەمووشیان ئەگەر بیست و دوو باڵیش بن، خۆشییەکەیان ئەوەیە هەمیشە باس لە یەکێتیی خاکی عەرەب دەکەن. دووساڵی ڕابردوو بە ئامادەبوونی سەرۆکی **جامیعەی عەرەبی** لە دانشتنێکدا بەردێکی گەورە لەلایەن ئیسرایلەوە گیرایە هەموو عەرەب، بەڵام سەرۆک نقەی لێوەنەهات و ئەردۆغان مەوقیفی نواند، ئەردۆغانیش کە ئەوساوێستا بۆ منداڵانی موسڵمانی فەلەستین دەگری، کەچی خۆی لە شیرینی خەودا منداڵانی کورد بەهۆی تۆپبارانەوە شەهید دەکات، ڕۆژ تا ئێوارە **حوسنی موبارەک** لەگەڵ ئیسرائیل دادەنیشێت، کەچی بۆ کورد مەمنوع و ئەولاتریشە، **کاکە حەمە واتەنی ئەگەر پێوەندییەک بە ئیسرائیلەوە بکەین باشتروایە تەعاروفەکەمان لەڕێگەی برایانی عەرەبەوە بێت!! (بەبنیان خۆشە).**

ئەوەی لێرەوە دێتە بەر باس و خوان جەنابی **"مەعەمەر قەزافی"** یە، کە زۆر جاران باس لە بێ غیرەتبونی عەرەب دەکات، ئەگەرچی دوەلی عەرەبی ساڵی (١٩٥٠) ڕێککەوتننامەیەکیان پێکەوە ئیمزا کردووە، کە بەرگریی لەهەموو شتێکی هاوبەش بکەن کە (هەیانبووە)، دەگێرنەوە ئەم پیاوە (قەزافی) زۆربەی حیمایەو دەوروبەرەکەی ئافرەتن، دەلالەت لەوەی عەرەب پیاوی تێداانەماوە، ئەم زۆر جارە لە بۆنەگرنگەکان و لە نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا، کاتێکی زۆر دەبات و قسە حەق و ڕەقەکانی دەڵێت. ئێمە حەقمان بەوە نییە چۆن هاتووەتە سەرحوکم و چەند ماوەتەوەو دەمێنێتەوە. هەڵوێستی ئەو سەرکردەیە سەبارەت بەکورد هیچی کەمتر نەبووە لە سەرکردە لەمێژینەکانی خۆمان. کاتێک کە ڕێبەرێکی کورد (**عەبدوڵا ئۆج ئالان**) بەپیلانی چەند لایەنە دەستگیر دەکرێت، لەوتەیەکیدا سەبارەت بەپرسی ئۆج ئالان کە ئەم وتەگرنگە کاتی خۆی لە **ژمارە (١٤ی ئاداری ١٩٩٩) ی گۆڤاری نوێبون** دا بڵاو کراوەتەوە، لەبەر گرنگییەکەی بۆ ئەمڕو دەقەکەی دەخەینە پێش چاو، چۆنکە ئەو هەڵوێستی سەبارەت بەکورد نەگۆڕە، دەڵێت:

**"ڕووی قسەم لەبرایانی کورد دەکەم و لەم ساتەدا غەم نەخۆن، دوژمنتان چەندە خوێنتان بڕێژێت، ئەوەندە سووتەمەنی دەکات بەسەر ئاگری شۆڕشی کوردستاندا، هەرچەندە بەردەوام بێت لە ڕژاندنی خوێنی ئێوە، کوورەی شۆڕشی سەربەخۆییخوازی کوردستان گڕدەدات، نکۆڵیکردن لەمافی سەربەخۆیی گەلان لەنەزانی و تاریکییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش نیشانەی رووکەشی و تێنەگەیشتنە لەمێژوو. چەندە گوشاری ئیمپراتۆرەکان لەسەر ئێوە زیادبکات، سەرکەوتن هەربۆ ئێوە دەبێت،ئەم ئیمپراتۆرییە دڕندانەش وەک ئەوانەی مێژوو دەرووخێن، لەسەروو هەموشیانەوە ئیمپراتۆریی عوسمانی کە شۆڕشگێرانی عەرەبی ئەتک دەکرد و بەجوداخوازی لەقەڵەم دەدان، ئێستا مێژوو بەوان پێدەکەنێت. ئێوەش ئەی برایانی کورد بەردەوام بن تا سەربەخۆیی دێت بەمسۆگەری".**

قەزافی لاشی وایە ئەو دەوڵەتانەی کە لەگرتن و پیلان و گەلەکۆمەکی "ئۆج ئالان" دا بەشداربوون، بێویژدان و ترسنۆکن! ئەمەش ئەمڕۆ سەرەتاکانی دەرکەوتن، چۆنکە بێویژدانی لە بەرژەوەندیخوازییەوە سەردەردەکات. ئەوەتا ئەمڕۆ تورکیاو ئیسرائیل پێوەندییەکانیان درزی تێکەوتووە، دەلاقەکان پێچەوانە دەبنەوە. ئێمە چەپڵە بۆ قەزافی لێ نادەین کە دژی ئیسرائیلە، بەڵکو بۆ هەڵوێستەیەکلەدوای یەکەکانی سەبارەت بەدۆزی کورد و مافەڕەواکانی، **ئەمە جگە لەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆمان دەگێڕێتەوە کە خەریک بووە لەسەر مەسەلەی کورد بەمدواییە پەلاماری یەکتری بدەن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوریادا، کەواتە چەپڵەیەک بۆ موعەمەر قەزافی.**

# سەدەیەک جێنۆسایدی بەردەوام و، چارەنووسی بزووتنەوەی باکووری کوردستان لەسایی رێبەریی پارتی کرێکارانی کوردستاندا!



**سیروان کاوسی**

مەحموود ئەسعەدبەگ وەزیری دادی تورک(1*) :

**برِوا و تیۆری من ئەمەیە: "با دۆست و دوژمن، تەنانەت با چیاکانیش بزانن کە تورک سەرداری ئەم وڵاتەیە و، ئەوەی لە خوێن و رەگەزدا تورک نەبێ، لەمافێک زیاتر هیچی تری نییە، ئەویش ئەوەیە، دەبێ نۆکەر و کۆیلەی تورک بێت. ئێمە لەوڵاتێکداین، لەهەموو دنیا زیاتر ئازادیی تێدایە، ئێرە تورکیایە! هیچ دەرفەتێک لەمە زیاتر و گەورەتر بۆ ناتورک روونادات. دەبینن من سۆز و هەستی خۆم لەکەس ناشارمەوە، با نوێنەرەکانتان هەر بیروڕایەکیان هەیە بێن دەریببرن!".**

پاش کۆتاییهاتنی "پەیمانی لۆزان" لەساڵی 1923و، دڵنیابوونی کاربەدەستانی رژێمی تازەدامەزراوی تورکیا بەسەرۆکایەتیی **مستەفا کەمال (ئەتاتورک)**، سەبارەت بەپشتگوێخستنی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن زلهێزەکانی سەردەمەوە، کە نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیان لەنێوان پێنج رژێمی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیدا دابەشکرد، مستەفا کەمال و داروودەستەکەی بەمەبەستی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسییان بەسەر سنوورەکانی تورکیا کە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی پێبڕابوو، بناخەی سیستەمێکی سیاسیی رەگەزپەرستانەیان بەئیدۆلۆژیی تورکچێتییەوە دارِشت، کەبەپێی ئەوە، نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی ناتورکی دیکە دەبوو لەنێو ئەو جوگرافیا سیاسییە نوێیەدا بتوێنەوە کەنێوی تورکیای لێنرابوو.


لەوساتەوە حکوومەتەکانی یەک لەدواییەکی تورکیا، بەپێرەویکردنی بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی مستەفا کەمال، سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی کوردیان بەڕێوەبردووە. قوڵاچۆسامناکەکانی پاش سەرکوتکردنی **شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران و ئیحسانووری پاشا و سەیدڕەزا دەرسیم** لە ساڵەکانی 1925 بۆ 1938 کە بەهۆیانەوە پتر لەملیۆنونیوێک کورد تێداچوون و، سەدانهەزاری دیکەش لەزێدونیشتمانی خۆیان دوورخرانەوە، پاشان بەکارهێنانی جێنۆسایدی کولتووری و ئابووری و مێژووی و شاڵاوی گرتن و شکەنجە و تیرۆر و تۆقاندن، تاکو ئەمرۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەی زایندا دەژین، بەرامبەر نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەی، پێرەوکراون و دەکرێن.

لێ، سەرەرای بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی نامرۆڤانە لەلایەن تورکیاوە، نەک هەر نەتەوەی کورد لەنێو رەگەزی تورکدا نەتوایەوە، بەڵکو ئەورۆکە بزاڤێکی بەرفرە و مەزن و بێوێنەی جەماوەریی لەسەرتاسەریی باکووری کوردستان سەریهەڵداوە. شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، هەروەها ئەو شار و مەڵبەندانەی تورکیا کە بەهۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەردەمەجیاجیاکاندا کوردیان لێ

نیشتەجێکراوە، بەتێکڕا بوونەتە گۆڕەپانی بزاڤ و خۆپیشاندانی جەماوەریی لەدژی ڕژێم و سوپا و داودەزگەی سەرکوتکەری تورکیا. هەست و بیری یەکبوون و یەکێتی و هاوچارەنووسی و بیروباوەڕی نەتەوەیی، لەم بەشەی نیشتمانەکەماندا لەپەرەسەندنی بەردەوامدایە و، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ داخوازییەکانی جەماوەری کورد، زیاتر نێوەرۆک و چەمکی نەتەوەیی وەردەگرێت.

ئاشکرایە، چاوکانیی پەرەسەندنی ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە، دەگەڕێتەوە بۆ خەبات و چالاکیی بەردەوامی **پارتی کرێکارانی کوردستان،** کە بەهەڵگیرسانی شەڕی چەکداریی لەدژی ڕژێمی داگیرکەری تورک لەساڵی ١٩٨٤دا، بەرە بەرە جەوی ترس و شەوەزەنگ و ڕەشەکوژی و تۆقاندنی شکاند، کە ڕژێمی تورک و سوپادڕندەکەی دەیان ساڵ بوو بەسەر باکووری کوردستاندا سەپاندبوویان. شانبەشانی ئەمەش، دامەزراندنی بنکە و کۆڕوکۆمەڵەی فەرهەنگی و مرۆڤی و ڕۆشنبیریی لەدەرەوە و لەنێوخۆی وڵات و سازکردنی ڕێکخستنی حیزبی لەنێو چین و توێژەکانی جەماوەر، هەروەها کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی "Med Tv" کە شۆڕشێکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی کوردیی لەسەرتاسەری کوردستان پێکهێنا، زەوینەی خۆشکرد کە چینی تێکنۆکرات و خوێندکار و ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد بەگشتی، لەشارەکانی باکووری کوردستان و لەتورکیا، زات بدەنەبەرخۆیان و، ڕاستەوخۆ بەشداری لەچالاکی و خەباتی حیزبی و مرۆڤی و ڕۆشنبیریی کوردیدا بکەن. ئەمەش لەڕەوتی خۆیدا بوو بەهۆی خولقاندنی ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ کە کۆمەڵانی خەڵک لەشار و لەدێ، بەئاشکرا و بەبێترس و سڵکردن، داوای مافی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دەکەن. لەبەر ئەوە شانازیی پێکهێنانی ئەم دۆخە گەشە سیاسییە، بۆ **پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی (ڕێزدار عەبدوڵلا ئۆجەلان)** دەگەڕێتەوە و، وەک لاپەڕەیەکی گەش لەمێژووی خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان و، بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە باکووردا تۆماردەکرێت.

**ئەمساڵ (2010ی زایینی)، خەباتی نوێی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد کە بەشۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا شەمزینییەوە دەستپێکرا، سەدوبیست و پێنج ساڵی تێپەڕکرد.** بەدرێژایی ئەم مێژووە پڕکارەساتەی کورد، دەیان ڕاپەڕینی گەورە و بچووک لە کوردستان بەرپاکراون. چەندین جاریش کورد توانیویەتی سەرکەوتنی سیاسی و سەربازیی بەشێوەیەکی کاتی دەستخات، بەڵام بەدرێژایی ئەم سەدوبیستوپێنج ساڵە و پێش ئەوەش، بەربەرەکانێکردنی گەلی کورد، هیچکاتێک بۆماوەی 26 ساڵ نەیتوانیوە لەدژی داگیرکەرێکی خوێنڕێژی درێژە بکێشێت. لەهیچ کات و سەردەمێکیشدا گەلی کورد نەیتوانیوە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکانیدا، بەوێنەی ئەمڕۆ



یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆی بپارێزێت، کە ئەمە جێی دڵخۆشی و سەربەرزییە، هاوکات سەرۆکایەتیی باکووری کوردستان کە خەباتی گەلەکەی سەرپەرشتیدەکات، لەهەرکات و سەردەمێکی دیکە پێویستە هەست بەمەترسیی زیاتر بکا و، هۆشیاربێت کە ڕژێمی داگیرکەری تورک و هاوپەیمان و هاوبەرژەوەندەکانی لەنێوچەکە، نەتوانن لەڕێگەی پیلانگێڕیی بەردەوامیانەوە، ئەم بزووتنەوە مێژووییەی کورد تووشی شکست بکەن و، نەهێڵن کورد کۆتوزنجیری کۆیلەتی بپسێنێت، کە لەپەیمانی لۆزانەوە تاکو ئەمڕۆ لەمل ودەستوپێی ئاڵاوە.

**پاش نووسینی ئەم چەند دێڕەی سەرەوە سەبارەت بە خزمەتی گەورە و مێژوویی پارتی کرێکارانی کوردستان لەزیندووکردنەوەی هەستی کوردایەتی لەباکووری کوردستان، لێ کەمایەسییەکی گەورە کە لەرامیاریی پێ کێ کێ دا بەدیدەکرێت ئەوەیە، ئەم پارتە خاوەنی ستراتیژ و بەرنامەیەکی ڕۆنی نەتەوەیی و کوردستانیی، نییە! لەباتی بەرزکردنی دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد وەک داوایەکی ڕەوا و یاسایی، ڕۆژێک باس لە پرۆژەی سازکردنی فدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئازاد و دیمۆکرات دەکا. ڕۆژێک باسی دیمۆکراتی لەتورکیا دەهێنێتەگۆڕێ و، داوای زیندووکردنەوەی بەندەکانی پەیمانی**

**لۆزان دەکا و، سازبوونی حکوومەتی کوردی لەباشووری کوردستان بەمەترسی بۆسەر یەکێتیی خاکی تورکیا و پشێوی لەناوچەکە ناودەبا، ڕۆژێکیش داوا لە پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی دەکا، کە لەگەڵ "چەپی تورک" دا یەکبگرێت!؟ ئەوڕۆکەش باس لەدامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانیی دەکات. هاوکات لەزمانی "پژاک" و، بەناوی "پژاک" (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان) ەوە، داوای ئاگربڕ و کردنەوەی گوتوبێژ لەگەڵ دڕندەترین وپاشکەوتووترین ڕژێمی سەردەم - کۆماری مرۆڤخۆر و دوژمن بەکوردی ئیسلامیی ئێران دەکات.**

ئەم هەڵوێست و ڕوانگە لەیەکنەچووانەی سەرۆکایەتیی پێ کێ کێ، کە لەزمانی **ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان**، یان باشترە بڵێین بەنێوی ئەوەوە بڵاودەکرێنەوە، لای شارەزایانی سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کورد و دنیای دەرەوە، ئەم پرسیارەی دروستکردووە کە بەڕاستی پێ کێ کێ لەکام ڕوانگە و ئیدۆلۆژی سیاسی ولەپێناو چ ئامانجێکی سیاسیدا شەڕی ڕژێمی تورکیا دەکا و، ئاکامی ئەم بزووتنەوەیە بەرەوکوێ دەبات؟



**پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی بەسەرۆکایەتیی ڕێزدار ئەحمەد تورک و ئامینە ئایدال و لەیلازانا و ئۆسمان بایدەمیر** و بەگشتی ئەو کەسانەی کە سەرۆکایەتیی بزاڤی جەماوەریی کورد لەنێوخۆی باکووری کوردستان دەکەن، تاکو ئێستا بۆ ڕاگرتنی یەکێتیی ڕیزەکانی گەلەکەیان پشتگیریی ئەم هەڵوێستە لەیەکنەچووانەیان کردووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە، زۆر ناخایەنێت، نەبوونی ستراتیژ و پلاتفۆرمێکی نەگۆڕی نەتەوەیی کە کۆمەڵانی گەلی کورد لەدەروی دروشم و بەرنامەیەکی ڕۆشن و دیاریکراودا کۆبکاتەوە، گەل و سەرۆکایەتییەکەی تووشی سەرلێشێواویی سیاسیی دەکا و، ئەوەی لەونێوەدا سوودی لێدەبینێ، ڕژێمی داگیرکەری تورکیایە، کە ساڵانێکە لەهەڵێک دەگەڕێ ئەم خەباتەمەزن و یەکرێزییە تاکهەڵکەوتووەی باکووری کوردستان لەنێوبەرێت.

**ماوەیەکی نادیارە، کۆبوونەوە و دیداری نهێنیی لەنێوان ڕژێمی تورک و نوێنەرانی پێ کێ کێ دا دەستپێکردووە. دەسەڵاتی نوێنەرەکانی هەردوولا و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان لەچ ئاستێکدان؟ ئەوە جارێ کەس نایزانێت! پێ کێ کێ و سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی باکوور، ئەگەرچی لەوتە و نووسیندا وای پێشاندەدەن کە لەکاری سیاسی و دیپلۆماسیدا لەهەموو پارتی و ڕێکخراوەکانی پێشوو و ئێستای کوردستان کارامە و شارەزاترێکن، لێ ئێمە لەکردەوەدا هیچ جیاوازییەک نابینین. نەتەوەی کورد دەیان ئەزموونی تاڵ و دڵتەزێنی لەشانۆگەریی "مذاکرات" و "مفاوضات"ی نێوان داگیرکەران و لایەنەکانی کورددیا هەیە، کە لەهەموویاندا کورد تووشی شکان و کارەسات بووە. بۆنموونە وتووێژەکانی نێوان کورد و تورک لەسەرەتای دروستبوونی تورکیای تازە و، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، وتووێژەکانی دەیان جارەی نێوان سەرۆکایەتیی باشووری کوردستان و ڕژێمەکانی عێراق، وتووێژەکانی نێوان ڕژێمی حەمەڕەزاشا و کۆماری کوردستان و، دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران و کوردی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتیی لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، لەهەرهەموویاندا دەوڵەتانی داگیرکەر ئەگەر نەیانتوانیبێ لەڕێگەی شەڕەوە بزووتنەوەی کورد دامرکێنن، پەنایان بردووەتە بەر شانۆگەریی وتوویژ لەگەڵ کورد و بۆماوەیەک بەدانی وادەوبەڵێنی درۆ، زەوینەیان خۆشکردووە بۆ تێکدانی چوارچێوەی بزووتنەوەکە و، جارێکی دی شەوەزەنگ ودیکتاتۆرییان بەسەر گەلی کورددا سەپاندووەتەوە.**

**ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، تاکەی دەبێ سەرۆکایەتیی کورد نەتوانێت پاش دەیان ساڵ خەبات و قوربانی وماڵوێرانیی، کێشەی نەتەوەکەی بکات بەکێشەیەکی نێونەتەوەیی. لەباتی کۆبوونەوەی نهێنیی لەگەڵ داگیرکەران کە بەداخەوە بەشانازیشەوە دەیگێڕنەوە، کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی دیمۆکرات وەک چاودێر و نێوبژیوان بکەن بەلایەنی سێیەمی گفتوگۆکان و، بەردەوام نەتەوەی کورد لەچۆنێتیی ئەنجامی وتوویژ و، ناوەڕۆکی ئەو مادە و خاڵانەی باسیان لەسەر دەکرێن ئاگادار بکرێن،**

لەوڕێگەیەوە دنیای دەرەوەش لەناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان و، نیازپاکیی (حسن نیت) هەردوولا تێبگەن، بەوەش پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ کورد دروستبکەن.

ئاشکرایە داگیرکەرانی کوردستان زۆر باش لەم بابەتە تێگەیشتوون و، هەمیشە ویستوویانە وتووێژەکانیان لەگەڵ کورد بەنهێنی و، بەشاراوەیی بێت، بۆ ئەوەی نیازناپاکی و فرتوفێڵیان ئاشکرانەکرێ، هاوکات رێنەدەن لایەنی سێیەم بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان لەکۆبوونەوەکاندا بەشداربێت. ئەمەش زیانی گەورەی بەکێشەکەمان گەیاندووە و تاکو ئەمڕۆ، کێشەی کورد وەک کێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتانە چاولێکراوە کە کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە.




لەئالیی دیکەوە، بیری دامەزراندنی سیستەمی سوسیالیزمی مۆدێڕن و پێکهێنانی کۆنفیدرالی دێمۆکرات لەرۆژهەڵاتی ناڤین کەماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن سەرۆکایەتیی پ ک ک وە، بانگەوازی بۆ دەکرێت، لەگەڵ ئیدۆلۆژی و کولتووری رەگەزپەرستیی تورکیدا، چۆن لەگەڵ یەکدیی دەگونجێن، کە بتوانن لەچوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی هاوبەشدا پێکەوە بژین و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەکیەک ببەن بەڕێوە؟! ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە، بێگومان بۆ نەبوونی ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی و، بۆ ئەو سەرلێشێواوییە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە لەهەموو بەشەکاندا سەرتاخواری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی داگیرکردووە.

**پ ک ک و سەرۆکایەتیی باکووری کوردستان، لەنێوان "سێ رێیانی" سیاسەتی پێکەوەژیان لەگەڵ تورک و، درێژەدان بەبیروباوەڕی چەپ و دژایەتیکردنی دنیای ئیمپریالیستی و، بیری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، دەبێ یەکیان هەڵبژێرێت.** بۆ ماوەیەکی زۆر ناتوانرێ بەپێی بارودۆخی کات ورۆژ جێگۆڕکێ بەم سێ هەڵوێستە جیاواز لەیەکە بکرێت. پشتیوانیی گەرموگوڕی نەتەوەی کورد لە پ ک ک بەهۆی رەوایەتیی ئیدۆلۆژی و جیهانبینینی سیاسییەوە نییە، بەڵکو ئامانج و داخوازیی نەتەوەیەکی کۆیلە و بندەستە کە ساڵانێکی زۆرە بەدوای ئازادی و رزگاریی خۆیدا وێڵە و، متمانەی بەهەر سەرۆکێکی کورد کردووە کە وشەی ئازادی و رزگاربوونی بەگوێیدا داوە.


ئێمە ئەم روانینە هەڵەیەمان پێشتر و ئێستاش لەوتە و روانگەی سەرۆکایەتیی حیزب و رێکخراوەی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بینیوە، کە بوون بەئەندام و بوون بەپێشمەرگەی هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەمۆسڵمان و کۆمۆنیست و جۆتکار و مامۆستا و خوێندەوار و دەوڵەمەند و دێمۆکرات و ئاینەکانی دیکە و ... هتد، لەحیزب و رێکخراوەی دڵخوازی خۆیاندا، بەنیشانەی

راستوڕەوابوونی سیاسەتی حیزبەکانیان داوەتەقەڵەم، لەکاتێکدا بەشداربوونی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەخەباتی سیاسی وحیزبیدا، ئەم راستینەیە بەزەقی ئاشکرادەکات کە تێکڕای نەتەوەی کورد سەر بەهەر



چین و توێژێک بێت، حەز بە ژێردەستی ناکا و، خوازیاری ئازادییە. ئەمەش مانای وایە ئەم گەلە لەم بارودۆخەی ئێستادا پێویستی بە سازییەکی گشتی و نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت وەک بەرەیەکی هاوبەش، هێزوتوانای تێکڕای گەلەکەی بخاتە خزمەتی پڕۆژەی رزگاریی نیشتمانییەوە. راپەڕینی جەماوەریی باکووری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان و، هەروەها رۆژاڤای کوردستان کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی تێرۆری شەهیدی رێگەی سەربەخۆیی کوردستان دوکتۆر مەعشووق غەزنەویی لەدژی داودەزگەی سەرکوتی رژێمی داگیرکەری سووریا رابوون، نموونەی بەهێزن بۆ زانینی ئەم راستییە.

هەموو ئەو نەتەوانەی کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیی، خاکەکەیان لەلایەن هێزی دەرەکی و زۆردارانی سەردەمەوە داگیرکراوە، تێکۆشیون و نیشتمانەکەیان لەدەستی داگیرکەر رزگارکردووە. خەباتی رزگاریخوازیی گەلان بەتایبەتیی پاش سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانیی لەدووسەدەی رابردوودا، بەپانتایی هەموو کیشوەرەکانی جیهان گەیشتە لووتکە و، دەیان نەتەوە لەسەرتاسەری جیهان، دوای دەرکردنی هێزەکانی داگیرکەر، بەسەربەخۆیی گەیشتن. ئەم دیاردەیە، بێگومان نەتەوەیەکی بندەستی وەک نەتەوەی کوردیش دەگرێتەوە کە لەپاش کۆتایی جەنگی دنیاگری یەکەم، بەزۆرەملی و بێپرسوڕاکردن پێی، لەنێوان پێنج رژێمی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیدا دابەشکرا و، بەپێی نەخشەیەکی رەگەزپەرستانە کەوتنە جێنۆسایدکردنی گەلی کورد لەڕووی رەگەزی و ئابووری و زمان و کولتووری و کانزا و سامانی کوردەواری و ئاسەواری مێژوویی کوردستانەوە. ئەمەش مانای وایە هەوێن و دینەمۆی هەموو بزاڤ و راپەڕینێکی نەتەوەی کورد لەکۆن و ئێستادا بۆ مەبەستی رزگاربوون بووە لەبندەستی وکۆیلەتییەک کە بەسەریدا سەپێندراوە. ناکۆکیی سەرەکیی لەکوردستان، لەنێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەرانیدایە و، ئەم ناکۆکییەش بەداتاشینی ئیدۆلۆژی و بیرۆکەی چەوت و نانەتەوەییانە، نەیتوانیوە و ناتوانێت ئەم راستینەمێژوویی و رەوایە لە ناوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.



**قۆناخی ئێستای خەبات لە کوردستان، قۆناخی خەباتی رزگاریی نیشتمانییە و، ئەم قۆناخەش لەڕۆژی دابەشکردنی کوردستانەوە دەستپێپێکردووە و، بەدەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کۆتایی دێت. ئەگەر لەم روانگەوپرنسیپەوە بڕوانینە پێڕەوپڕۆگرام و خەباتی زۆرینەی پارتی و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، دەتوانین بەڕاشکاوییەوە بڵێین: "نەک هەر خەبات و ئامانجیان لەخزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژی نەتەوەیی کورددا نەبووە، بەڵکو زیانی گەورەشیان لە یەکێتیی نەتەوەیی و بیری رزگاری و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان داوە".**

بەڕەسمی ناساندنی سنووری دەستکردی داگیرکەرانی کوردستان، هێنانەخوارەوەی داخوازیی گەلی کورد لەسەربەخۆییەوە بۆ مافی کولتووری و هێندێک دەسەڵاتی بەرتەسکی نێوخۆیی، بەستنەوەی خەباتی نەتەوەی کورد بەچوارچێوەی سنووری وڵاتانی داگیرکەرەوە و، کردنی کێشەی کورد بەکێشەی نێوخۆیی وڵاتانی داگیرکەر، سواڵکەریکردن و پشتبەستن بەداگیرکەری لایەکی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕ و تەقەکردن لەهێزی داگیرکەری بەشێکی دی بەبێ هیچ پلان و ستراتیژی سیاسی و چەکداریی. حیزبپەرستی و پاوانخوازی و هاندانی ئەندام وپێشمەرگە لەدژی یەکدی، سازکردنی شەڕی نێوخۆیی و بەکوشتدانی

هه‌زاران رۆله‌ی كورد به‌ده‌ستی یه‌ک و، یه‌كتری راونان له‌ده‌شت وچیاوگونده‌كانی كوردستان به‌ناوی "شه‌ڕی چینایه‌تیی!!"، پیلانگێڕیی له‌دژی هاوڕێ و هاوسه‌نگه‌ری حیزبی و، په‌نابردنه به‌ر سازكردنی ده‌سته‌وده‌سته‌گه‌رێتیی و پرۆپاگه‌نده‌ی ژه‌هراوی له‌دژی یه‌ک بۆ به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی ده‌سه‌ڵاتی حیزبی كه تاكو ئه‌وڕۆ به‌رده‌وامه. سه‌رباری ئه‌مانه‌ش دژایه‌تیكردنی بیری دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی كوردی به‌بیانووی داتاشراو و ناقۆڵا و نابه‌جێوه، به‌تێكڕا خه‌باتی نه‌ته‌وه‌ی كوردیان له‌هێڵی راستینه‌ی خۆی كه گه‌یشتن به ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی بووه، لاداوه. ئه‌وه‌ش گه‌لێک ماڵوێرانی و نه‌هامه‌تی و قوربانیدانی بێئه‌نجامی لێكه‌وتووه‌ته‌وه و، پاش تێپه‌ڕبوونی سه‌توسی ساڵێک خه‌بات و قوربانیدانی له‌ژماره‌نه‌هاتوو، هێشتا له‌هیچ لایه‌كه‌وه ئاسۆیه‌كی روونمان لێ دیارنییه.



حیزب و پارتی و رێكخراوه‌كانی كوردستان جگه له‌وه‌ی كه ماوه‌ی شه‌ستوپێنج ساڵێكه (**له‌پاش كۆماری كوردستان به‌سه‌رۆكایه‌تیی پێشه‌واقازی**)، له‌رێبازی نه‌ته‌وه‌یی لایانداوه، به‌ڵكو هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه هیچیان له‌سه‌ر بناخه‌یه‌كی بابه‌تانه و زانستی و، به‌پێی هه‌ڵسه‌نگاندنی دروست له‌بارودۆخی سیاسی وكۆمه‌لایه‌تیی كوردستان دانه‌مه‌زراون و، له‌ڕاستیدا سه‌رچاوه‌ی قه‌یرانی نێوخۆیی حیزبه‌كان هه‌ر بۆ ئه‌م دوو دیارده‌یه ده‌گه‌ڕێته‌وه.

حیزب و رێكخراوه سازكردن، پێویستی به‌بوونی وڵاتێكی ئازاد و به‌كه‌شێكی ئازادی سیاسی و دێمۆكراسی هه‌یه ،پێویستی به‌وڵاتێكی ئازاد و دێمۆكرات هه‌یه كه له‌یاسایدا، مافی دروستكردنی حیزب و كۆمه‌ڵه و سه‌ندیكای سه‌ر به ره‌گه‌ز و چین و روانگه‌ی جیاواز، پارێزراوبێ. ئه‌مه‌ش مانای وایه له‌دروستكردنی حیزبدا دوو مه‌رجی سه‌ره‌كیی پێویستن:

**یه‌كه‌میان، هه‌موو ئه‌و حیزب و رێكخراوه كۆمه‌لایه‌تی و سیاسی و ناڕامیارییانه‌ی كه له‌وڵاتێكدا پێكدێن، پێویستیان به كه‌شێكی ئازاد و دێمۆكرات هه‌یه كه به‌پێی یاسا ئازادی سیاسی وچالاكییان ده‌سته‌به‌ركرابێ و، بتوانن له‌رێگه‌ی میدیای سه‌ر به‌حكوومه‌ت ومیدیای ئازادی دیكه‌وه، له‌وبووجه و مووچه‌ی كه له حكوومه‌ته‌وه وه‌ریده‌گرن، پرۆپاگه‌نده بۆ روانگه و ئامانجه‌كانی خۆیان بكه‌ن و، هیچ به‌ربه‌ست و ئاسته‌نگێک له‌سه‌ررێی چالاكی سیاسی و پرۆپاگه‌نده‌كردن بۆ حیزبه‌كه‌یان نه‌بێت.**

**دووه‌م، پێویسته له‌یاسادا هه‌موو ئازادییه‌كانی تاک و كۆمه‌ڵ و ئازادی راده‌بڕین و سه‌ربه‌ستیی ته‌واو له‌بڕیاردانی سیاسییدا ره‌چاوكرابێت، بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ركه‌سێک له‌ماڵی خۆی له‌ڕێگه‌ی میدیاوه، یان به‌به‌شداریكردنی له‌سه‌مینار و كۆڕوكۆمه‌ڵی سیاسی وحیزبیدا، حیزب و رێكخراوه وسه‌ندیكای دڵخوازی خۆی هه‌ڵبژێرێت و ده‌گاته باوه‌ڕێكی وا كه به‌رژه‌وه‌ندیی ئابووریی له‌ڕێگه‌ی فلانه حیزب و فیساره سه‌ندیكاوه ده‌سته‌به‌رده‌كرێت. ئه‌وجا له‌ڕێگه‌ی هه‌ڵبژاردن و رێفراندۆمی شاره‌داری و په‌رله‌مانه‌وه، هه‌ر حیزب و رێكخراوه‌یه‌ک رێژه و قه‌باره و گه‌وره‌یی و بچووكی خۆی ته‌نیا له‌و خوله‌تایبه‌تییه‌دا بۆ ده‌ركه‌وێ. ده‌وڵه‌تی هه‌ڵبژێردراو تاخولی داهاتوو كه ماوه‌كه‌ی یاسا دیاریكردووه ده‌سه‌ڵات بگرێته‌ده‌ست. پاش ته‌واوبوونی ماوه‌كه‌ی سه‌رله‌نوێ خه‌ڵكی وڵاته‌كه دیسان له‌ڕێگه‌ی ده‌نگدانه‌وه، حیزب یان حیزبه‌كانی دڵخوازی خۆیان هه‌ڵبژێرنه‌وه و،ده‌وڵه‌تی نوێ دامه‌رزێته‌وه. ئه‌وجا پێكهاته‌ی ده‌وله‌تی نوێ به‌پێچه‌وانه‌ی خولی پێشوو ده‌بێ، یان نا! ئه‌وه له‌ڕێگه‌ی ده‌نگدانی خه‌ڵكه‌وه دیاریده‌كرێت!**

به‌هۆی به‌ڕێوه‌نه‌چوونی ئه‌م مه‌رجه زانستی و بنه‌ڕه‌تییانه سه‌باره‌ت به‌چۆنێتیی سازكردنی حیزب و رێكخراوه له‌كوردستاندا كه نه‌ته‌وه‌ی كورد بنده‌ستی كۆمه‌ڵێک رژێمی نادێمۆكرات و دیكتاتۆر و دژ به‌ئازادییه، بۆچوونێكی ناڕاست و نازانستانه‌یه ئه‌گه‌ر سه‌رۆكی حیزبێک، خۆی و حیزبه‌كه‌ی، به‌سه‌رۆک وپێشڕه‌وی نه‌ته‌وه‌كه‌ی، یان به‌سه‌رۆكی چین و توێژێكی تایبه‌تی نه‌ته‌وه‌كه‌ی بزانێت و، ئه‌ومافه بدات به‌خۆی، چاره‌نووسی سیاسیی نه‌ته‌وه‌كه‌ی دیاری بكات.

بێگومان، تاكو ئه‌و ڕۆژه‌ی نه‌ته‌وه‌ی كورد بنده‌ستی داگیركه‌رانییه‌تی، ناتوانین بیر له‌وه بكه‌ینه‌وه كه ئه‌و ئازادییه سیاسی و كۆمه‌لایه‌تییانه‌ی كه له‌سه‌ره‌وه ئاماژه‌م كردپێی، له‌كوردستاندا دابینیان بكه‌ین. حیزبحیزبێنه و سازكردنی پارت و حیزبی تازه هێنده‌ی دیكه پرسی كورد ئاڵۆزتر ده‌كا. تاكه‌ڕێگه‌یه‌ک كه بتوانێت له‌ڕوانگه‌ی زانستی و نه‌ته‌وه‌یی و مێژووییه‌وه خزمه‌تی چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی له‌مێژینه‌ی نه‌ته‌وه‌ی كوردبكات، ئه‌وه‌یه ده‌بێ ناوه‌ندێكی كوردستانیی به‌هێز دابمه‌زرێندرێ و، هه‌موو ئه‌و پارت و رێكخراوه

رامیاری و نارامیاری و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و، نوێنەری هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان کە باوەڕیان بەسەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، تێیدا بەشداربن. سەرپەرشتیی لەشکری رزگاریخوازی کوردستان و راگەیاندن و رێکخستنی جەماوەری و خەباتی دیپلۆماسی و ... بگرێتەئەستۆی و، تێبکۆشێت، بۆ سەرۆکایەتیکردنی پرسی کورد لەدەرەوە و لەنێوخۆی وڵات .

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مێژووییە، لەساڵی 1985 دا کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا – کە منیش یەکێکم لە ئەندامەکانی. دواتر لەساڵی 1995 کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان هاتەدامەزراندن. ئەم دوو سازییەنەتەوەییە، سەرەڕای هەموو هەوڵوچالاکی و دڵسۆزییەک کە پێشووتر وئێستا و لەداهاتوودا نواندوویانە و دەینوێنن، لێ پتر وەک حیزب کاریان کردووە و، هەریەکەیان بەهۆی هەڵە و کەموکورتیی جیاوازی تایبەت بەخۆیانەوە، نەیانتوانی و ناتوانن لەئاست ئەو بەرپرسیارەتییە گەورەیەدابن کە لێیان چاوەڕواندەکرا (**بەتەمام لەدەرفەتی گونجاودا، سەبارەت بەهۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئامانج و پرۆژەکانی ئەم دوو کۆنگرەیە بنووسم**). بۆیە ئەگەر بریاری دامەزراندنی ناوەندێکی نەتەوەیی دەدرێت، دەبێ لە هەڵەوکەموکورتی و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم دوو ناوەندە بکۆڵدرێتەوە و، بناخەی ناوەندێکی کوردستانیی بەهێز دابڕێژرێ کە لەنێوخۆی کوردستان پشتی پێببەسترێ و، لەئاستی نێونەتەوەییشدا وەک دەمڕاستی پرسی کورد حیسابی لەسەر بکرێت.

**ئەو حیزب وپارت و رێکخراوانەی کە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی کوردستان دامەزراون و، پرۆگرامی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵگرتووە، دەتوانن رۆڵی بەرچاو وگرنگ لەپێکهێنانی ئەم دەزگە نەتەوەییەدا بگێڕن و، توانای مادی و راگەیاندن و ژمارەی ئەندام و سەرکردەیەتییان تێکەڵ بەیەک بکەن بۆ پتەوکردنی بەردی بناخەی ئەم سازییە نەتەوەییە. بەڵام ئەگەر ئەمانیش هەر گیرۆدەی ناوناوبانگ و حیزبپەرستی و دەسەڵاتخوازیی بن، ئەوا لەداهاتوودا دەبن بە کۆمەڵێک سیاسەتکاری ناکۆک و ناتەبا و دژبەیەک، کە جیاوازییان لەگەڵ حیزبەکانی دی، تەنیا لەوەدادەبێ کە باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و، سەربەخۆیی کوردستانیان پێخۆشە، بەمەرجێک پلەوکورسیی سەرۆکایەتییان بپارێزرێ، کە ئەوەش بێگومان هیچ خزمەتێک بە کێشەی کورد ناگەیەنێت.**

**لەبەر زۆر هۆ وکێشەی نێوخۆیی کە حیزبە کلاسیک و دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەخولقاندنیدا دەستی باڵایان هەیە، لەبارودۆخی ئێستادا دژوار و ئەستەمە دەزگەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان دابمەزرێت. لەبەر ئەوە دەتوانرێت لەپێشدا لەهەر یەک لەبەشەکانی کوردستان بەدرۆشم و ئامانج و پرۆگرامی نەتەوەییەوە کۆنگرە، یان ناوەندی نەتەوەیی لەبەشە جیاجیاکانی کوردستان سازبکرێت. هاوکات هەوڵبدرێ بۆ رێککەوتن لەسەر پلاتفۆرمیکی هاوبەش لەنێوان حیزب و پارتەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان کە لەبەرامبەر پیلانی داگیرکەراندا یەکدیی بپارێزن و، بەبیری یەکبوون وهاوچارەنووسییەوە بەرەورووی ئەو کێشانە ببنەوە کە بەرەورووی هەر یەکێک لەبەشەکانی کوردستان**



**دەبێتەوە. ستراتیژ و ئامانجی دوارۆژیش، یەکخستنی خەباتی تێکڕای نەتەوەی کورد بۆ رزگارکردنی خاکی سەرتاسەری کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی فیدەراڵی کوردستان بێت.**

کورت وکرمانجیی، بەهۆی بیروباوەڕ و کولتووری رەگەزپەرستی و هەستی مەزنخوازیی نەتەوەکانی باندەستی کورد کە مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە، زەمانێکی زۆری دەوێت کە ئەو کولتووره رەگەزپەرستانەیە گۆڕینی بەسەردا بێ و، بیری ئازادیخوازیی و یەکسانی و، کولتووری رێزگرتن لەنەتەوە و رەگەزی جیاواز جێی بگرێتەوە. ئەم گۆرانکارییەش لەبیرومێشکی نەتەوەکانی باندەستی کورد کە دیارنییە چ ساڵ و زەمان و سەدەیەک روودەدات، ئەرکی نەتەوەی بندەستی کورد نییە، بەڵکو ئەرکی رۆشنبیران و چینی خوێندەواری ئەو گەلانەیە کە لەباتی دژایەتیکردنی گەلی کورد و، خۆشکردنی ئاگری قەلاچۆکردنی گەلی کورد، بریاربدەن بۆ گۆڕینی سیستەمەکانی دیکتاتۆر و نامرۆڤانەیان. ئەگەرچی ئەوکاتیش نابێ گەلی کورد بەوە دڵخۆشبکرێت کە لەسایی حکوومەتێکی دیمۆکراتی داگیرکەردا، مافی کورد دابیندەکرێت. چۆنکە ئێمە حکوومەتەکانی دیمۆکراتی ئیسرائیل و ئینگلیز و سپانیا دەبینین کە بەرامبەر داخوازیی فەلەستین و ئیرلەند و باسک، هەڵوێستیان چۆنە! دروستکردنەوەی عێراقی نوێ لەلایەن سەرۆکایەتیی باشووری کوردستانەوە باشترین نموونەیە بۆ دڵنیابوونی ئەم راستییە، کە هەر لەیەکەم رۆژەوە دەسەلاتدارانی تازەی عێراق لە غازی عەجیل عەلیاوەر (کۆنەزاواکەی پارتیمان!!) تاکو جەعفەری و مالکی، دڵسۆزیی لەرادەبەر و پێوەندیی نازانستانە و ناسیاسییانەی کوردیان بەکارهێنا بۆ پتەوکردنەوەی چوارچێوەی دەسەلاتی تازەی عێراقی عەرەبی، بێئەوی یەکێک لەو مافانە بەرەسمی بناسن کە لە2003 ەوە تاکو ئێستێ سەرۆکایەتیی کورد بەتکا و رجاوە داوای جێبەجێبوونیان دەکات!

لەبەر ئەوە بائیتر **"بەس بێ!"** و، لەباتی سەرقاڵکردنی کورد بەچارەسەریی لابەلا و چەوتەوە، با سەرۆکایەتیی کورد بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو، داوا لەنەتەوەی کورد بکات درۆشمی رفراندۆم بۆ کوردستان و، سەربەخۆیی بۆ کوردستان هەڵبگرێ و، داوا لە کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان و، وڵاتانی دیمۆکرات بکرێت با بێنە کوردستان و، سەرپەرشتیی راپرسییەکی گشتیی بکەن لەکوردستان، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بتوانێ، لەمێژووی پرکارەسات و خوێناویی خۆیدا، جارێک بەبێ ترس، لەئازادیی تەواودا دەنگ

بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات. با لەمەبەدواوە، بیری ئازادیخوازی و دیمۆکراسی و رێزگرتن لەبیروڕا و داخوازیی راستینەی گەلی کورد، لەلایەن حیزبەکانییەوە پێرەوبکرێت. سەردەمی حیزبپەرستی و سەرۆکی تاقانە و حیزبی پێشرەوی فەرمانڕەوا کە تایبەت بوون بەکولتووری سیاسیی چەپی کلاسیکی ستالینیزم، بەسەرچووە و، ئەم کولتوورە نادیمۆکراتییە دەبێ لەوێژەی سیاسی و گۆرەرپانی خەباتی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانیدا ریشەکێش بکرێت. بەشداریکردنی راستەوخۆی هەموو پێکهاتەجیاوازەکانی کوردستان بەهەموو ئاین و ئاینزا و ئیدۆلۆژی و چین و توێژەجیاوازەکان لەژێر چەترێکی هاوبەشی کوردستانیدا کە دەنگ و رەنگی خۆیانی تێدا ببیننەوە، جگە لەوەی کە هێزوتوانای مەزن بە خەباتی نەتەوەی کورد دەبەخشێت، هاوکات هاوکاری و هاوخەباتیکردنی هەموو ئەو پێکهاتانە پێکەوە، تێکڕای دانیشتوانی کوردستان فێری پێکەوەژیانی هێمنانە و رێزلێنان لەبیروڕای جیاواز دەکا و، لەڕەوتی خۆیدا کولتووری سیاسی و دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازی و یەکسانیی لەنێو مێشکی تاک تاکی دانیشتوانی کوردستان بەئاین وئیدۆلۆژی و بیروڕای جیاوازەوە دەچێنێ و، ئەو حکوومەتە کوردستانییەی کە دوارۆژ لە کوردستان دادەمەزرێ، حکوومەتێک دەبێت کە لەسەر بناخەی دادپەروەری و ئازادی و دیمۆکراسی و رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ دادەنرێت.

**لێرەدا بەنووسینەوەی دووکۆپلە لەوتەکانی یەکێک لەسەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی جوو بەناوی مەناخیم بیگن (2*)** کۆتایی بەنووسینەکەم دێنم. مەناخیم بیگن، پێداچوونەوەیەکی وردی لەسەر خەباتی جووەکان لەسەرزەویی فەلەستین، لەدژی سوپای ئینگلیز و عەرەبەکانی نیشتەجێی ئەو مەڵبەندە، لەساڵانی نێوان 1942 بۆ 1948ی سەدەی رابردوودا نووسیوە. جێکردنەوەی ئەم قسانەی مەناخیم بیگن لەم وتارەدا، بەمانای پشتیوانیکردن و دژایەتیکردن کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل نییە، چۆنکە ئەو کێشەیە نەلەرابردوو و، نەئیستا و، نەلە داهاتوودا هیچ پێوەندییەکی بەکورد و کێشەی رەوای کوردەوە نییە و، نابێت، بەڵکو تەنیا بۆ زانینی ئەو راستییەیە کە سەرکردەی گەلێک 65 ساڵ بۆ 70 ساڵ پێش ئێستا بەوشێوەیە بیریان لەیەکێتیی گەلەکەیان و، سازکردنی دەوڵەت بۆ گەلەپەرشوبڵاوەکەیان کردووەتەوە و، ئەوڕۆ وڵاتەیەکەیان لەڕووی ئابووری و پیشەسازی و سەربازییەوە گەیاندووەتە

ریزی پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهان، ئەوجا با بەراوردیان بکەین لەگەڵ سەرکردەکانی کورد کە هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە یەکێتیی سنووری وڵاتانی داگیرکەر بپارێزن و، لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زایندایین، هێشتا مەترسیی ڕوودانی شەڕی نێوخۆیی دەکەین!

سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی وتەکانی مەناخیم بێگن ڕادەکێشم:

**"... ئەوەی ئازادیی دەوێ، نەفرەت لەکۆیلەتی دەکات... ئەوەی گەلەکەی خۆشدەوێت، ڕقی لەدوژمنی گەلەکەیەتی. ئەوەی نیشتمانپەروەرە، ڕقی لەهەموو زروزۆڵەکێکی نێو نیشتمانەکەیەتی. لەبەرامبەر پیلانەکانی کاربەدەستانی ئینگلیز وگوشاری سوپای ئینگلیز و سیخوڕەکانی بۆ سەرمان، چەند هۆیەک هەبوون دەبوونە بەربەست کە شەڕی نێوخۆیی لەنێوماندا ڕوونەدەن:**

**یەکەم – ئێمە هیچکاتێک لەحیزبەکەماندا، حیزبی (ئەرەگۆن زفای لیۆمی)، ئەندامان و لایەنگرانمان بەوە گۆش نەکرد کە دژایەتی حیزبەکانی دیکەی جوو بکەن. چۆنکە ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەتهاوێژێتە سەر کەڵەکەی شەڕی براکوژیی.**

**دووەم – هۆیەکی دیکەی هەڵگیرسانی "شەڕی براکوژیی"، نیازی چوونەسەر تەختی دەسەلاتە. ئێمە هیچکاتێک بۆ ئەوە نەجەنگاین کە دواڕۆژ دەسەلات بگرینەدەست. ئێمە تەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەجەنگاین. ئێمە شۆڕشمان کرد بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەمان، نەک بۆ حوکمکردنیان!! هاندەرمان بۆ خەبات بیروباوەڕەکەمان بوو. تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕەکەشمان پێویستی بەخوێنی خۆشمان بوایە، درێخیمان نەدەکرد و، ئامادەبووین لەپێناو ئامانجماندا بکوژرێین، بەڵام دواڕۆژ کێ حوکمی ئەو دەوڵەتەدەکات کە ئێمە ڕەنجمان بۆداوە و، قوربانیمان بۆ داوە، گرنگ نییە. مەبەستی سەرەکیی ئێمە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەیە و، کردنەوەی دەرگەکانییەتی بۆ گەڕانەوەی هەزاران جوو، بۆ ئەوەی پاش ساڵانێکی دووردرێژی بندەستی و بەشمەینەتیی، هەناسەیەک بەئازادیی بدەن. ئەگەر بمانویستایە لەپێناوی دەسەلاتوەرگرتندا شۆڕش بکەین، ئەوا دەبووینە دوو دەستەی جیاوازی دژ بەیەک و، خەبات و شەڕمان دژی عارەب و ئینگلیز تووشی شکست دەبوو. ئەوەی بۆ دەسەلاتوەرگرتن شۆڕش دەکات، ئامادەیە لەوپێناوەدا هاوکاریی دوژمنی نەتەوەکەشی بکات! بەڵام ئێمە کاری وامان لێ نەوەشایەوە... دەست لەنێو دەست، شەڕی ئینگلیز و شەڕی عەرەبانیشمانکرد، چۆنکە ئامانجی هەمووومان ڕزگارکردنی گەلەکەمان بوو. نەخێر ئێمە یەکین و ناتوانین ڕقمان لەیەکدی بێتەوە. ....".**

(1*) – قسەکانی مەحموود ئەسعەدبەگ (وەزیری داد) ی تورکیا لەرۆژنامەی "ملیت" ی تورکی، رۆژی 19ی جۆزەردانی ساڵی 1930 بڵاوبووەتەوە. لە پەرتۆکی "کێشەی مێژینە و ئێستای کورد"، وەرگیراوە لەنووسینی: "سەرکردەی نەتەوەیی و قارەمانی کورد، ژنەڕاڵ ئێحساننووری پاشا. بەڕێز محەممەد حەمەباقی لەعەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

(2*) – پەرتۆکی "ڕاپەڕین" (The Revolt)، لەنووسینی مەناخیم بێگن، سەردار سدیق ئەمین کردوویەتی بەکوردی. ساڵی 1996 لە سوێد چاپکراوە.

## پەستیی

شێرکۆ بێکەس

وەکو کەشتیی بن کون تێ بوو
تەماشای ئەم
دڵەم ئەکەم
هەر ئاو ئەچێتە ناوێوە و
ئاو دەر ئەدەم
هەتا جامێ لەخەمی کۆن هەڵ ئەهێنجنم
جامێکی تر خەمێکی تازە لە جێیەتی
ئا ئەم کەشتییە شپرزەیە
نە ئەوەتا نوقم ببێ
نە ئەوەتایش لەم گەرداوی شەوگارەدا
لە ڕۆخێکدا لەنگەر بگرێ!

# هەلبژاردنی پاریزەران یەکەم زەنگی مەرگی پارتایەتی!

**پارێزەر: کامیل ژیر**



مەبەستم لە هەموو جۆرە مۆدیلیکی  پارتایەتی نییە. ئەوەی رۆژئاوا دیاردەیەکی دروستە. ئەوەی رۆژهەلات، بەزۆری، درێژبوونەوەی پارتییە ستالینیەکانە. مافیایەتییە لە بەرگی پارتایەتیدا. زەلکاوێکە بۆ هەلێهنانی ڤایروسی گەندەلی. پرکردنەوی شوێنی شیاوە بە کەسی نەشیاو. دەولەمەندبوونی نارەوایە. تەمەڵخانەیەکە بۆ دەستەپاچەو بێبەهرەکان کە لەناویدا کارناکەن و دەخۆن، بیرناکەنەوەو بیر دەخنکینن، هەڵەدەکەن و پەندوەرناگرن، دەبەن و لێپرسینەوەیان نییە. خۆ بەدێمۆکراتییەوە با دەدەن و فرِیان بەسەرییەوە نییە. باس لەمافی مروڤ دەکەن و مروڤ دەکوژن و مروڤ بەکوشت دەدەن ، یاسا دادەنێن و یاسا پێشێل دەکەن. تاوان دەکەن و سووکایەتیش بە تاوانلەسەرکراوان دەکەن. پەردە لە روویان لادەدرێ و تەریق نابنەوە. .ئیتر تۆ ئەوانیتریان تەواوکە . . .

پارتییە کوردییەکانیش بەدەرنین لەو دۆخە. ئیسماعیل بیشکچی دەلێ **{ئەوانە زیاتر دەچنە خانەی ریکخراوی سەربازییەوە نەک سیاسی، درێژەدەری پێوەندییە خێڵەکییەکانن، سەرکردە تاکرەوەکانیان ریگرن لەبەردەم توانا تازەکاندا، بێستراتیجن}**. جوناسان راندل دەڵێ **{کورد نەتەوەیەکە لەدووبەرەکیدا، دوای نسکوی ١٩٧٥ هێشتا شەریانە لەسەر کورسی! شەرەکانی ناوخۆیان ٤ هەزار کوژراوی لێکەوتەوە، ناوبانگی بزووتنەوەی کوردایەتییان خراپکرد، بیروکەی دەولەتی کوردیان لاوازکرد}**. بیرمەندی ئەلمانی تریتشکە  دەڵێ: (**ئەو نەتەوانەی لە قوناغی رزگاریدان بۆ فرەپارتی دەسنادەن**). جگە لەوانە، سالانێکی زور سەرۆکایەتییەکانی ئەو پارتیانە خەلکانێکیان هەڵخەلەتان. سۆزیان بۆ جوولا، چەپلەیان بۆ لێدرا. پیتاکیان بۆ کرا ...کەچی ئێستا پارووی ئەوان دەخون! ئەوا ئێستا سەرەتای فەرموودەی **{پەتی درۆ کورتە}** دەرکەوت. ئەو پێشدەستی و پێشرەوێتییە لە پارێزەران وەشایەوە.... ئێوە مەیکەن بە هی پارێزەرانی سلێمانی بە تەنیا، ئەگەر کلکتێوەردان نەبوایە، لەشوێنەکانیکەش هەرئەو ئەنجامەی دەبوو. هەرچۆنێبی، ئەم ئەنجامە، زەنگی مەرگە بۆ ئەو شێوازە پارتایەتییە. سەرەتای رەهێڵەیەک قەترەیەک بارانە. ئەی جەماوەری سەربەخۆ رابن.  با ٩/٣٠ بکەین بەروژی هۆشیاریی جەماوەر. رووداوەکە بچووکە، بەلام واتاکەی گەورەیە. مەیەڵن ئەو کوانوە ساردبیتەوە. **لەو رۆژەی ئەمسالدا ٣١٢ دەنگی سەربەخۆ گرەوەکەیان لە ٢٣٤ دەنگی دوو زلهێزە دەسەلاتدارەکە بردەوە، بەبێ چەورکردنی دەم و پرِکردنی دەست! ئەگەر ئەو ٢٨٢ دەنگە بەشدارنەبووەش بەشدارییان بکردایە، رێژەکە زور زیاتر دەبوو. هەرچۆنێبی تەلیسمەکە شکا، نوخشەبێ لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان و سەرجەم رێکخراو و سەندیکاو پەرلەمانی داهاتوو.**

# لەبیروبڕوا و پرنسیپەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

نەتەوەی کورد یەک لە نەتەوەکانی هەرەدێرینی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و خاوەنی شارستانییەت و مێژوویەکی کۆنی هەزاران سالەیە. نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژووی لەسەر خاکەکەی کوردستان، ژیاوە و لەسەری دەژی. لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، کۆتایی و ئاکامەکانی شەڕی دنیاگری یەکەم، کورد و نیشتمانەکەی کوردستان، لەنێوان حکوومەتەکانی شۆڤێنیست و دیکتاتۆری ئێران و عێراق و ترکییە و سووریيە و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو دابەشکرا. خەباتی نەتەوەی کورد لەوساتە بەملاوە پێینایە دۆخێکی دژوار و نابەرامبەرەوە و، بە دەیان ڕاپەڕینی یەک لەدواییەکی بەمەبەستی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمانەکەی بەرپا کردووە. داگیرکەرانی کوردستان، جیا لە داگیرکردنی خاکی کوردستان، بەپێی سیاسەتێکی هاوبەش، دەستیانداوەتە ژێنۆساید و تاڵانوبڕۆی سەروەت و سامان و کانزاکانی و، سووتاندن و چۆڵکردنی نێوچەکانی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لەسامانی و، دەرکردنی لەسەر نیشتمانی باوباپیرانی.

دینەمۆ و بزوێنەری هەموو ڕابوون و بزاڤێکی نەتەوەی کورد، چ لە کۆن و چ لە ئێستا، لە نێوەرۆکی خۆیدا، بەمەبەستی ڕزگاری و سەربەستیی بووە و، هێنانی بیرۆکە و ئایدۆلۆژی دیکە نەیتوانیوە و ناتوانێ، ئەو ڕاستییە مێژووییە لەروخسار و نێوەرۆکی بزووتنەوەکانی کورد بشواتەوە.

ناکۆکیی سەرەکی و بنەڕەتیی لە کوردستان، لەنێوان داگیرکەران و، نەتەوەی کورددایە و، ئەو ناکۆکییەش بەگۆڕینی ڕژێمەکان، یان بە بەشداریکردن لە بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی وڵاتە داگیرکەرەکاندا چارەسەر ناکرێت. لەسەر ئەم بناخەیە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، گرێدان و بەستنەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد بە چوارچێوەی سنووری جوگرافیایی داگیرکەران، لەلایەن پارتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە، بەلادانێکی ئاشکرا لەپرنسیپی کوردستانیی دەزانێ و، ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەوە شێوە خەباتە چ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد و کێشەکەی تێدا نییە و نایبێت. تاکە ڕێگە، پچڕانی دەسەڵاتی داگیرکەرانە لە کوردستان و، سڕینەوەی ئاسەواری پاشکەوتوویی و، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دێمۆکراتە لەسەرتاسەری خاکی کوردستان.

## لەم ڕوانگەیەوە، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو ئەم ئامانجانەدا تێدەکۆشێ!

- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ پەرەپێدانی هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی و، زیندووکردنەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی لای مرۆڤی کورد، بۆ ئەوەی خۆی بەکورد بزانێ و، کوردستان بە موڵک و خاکی خۆی بزانێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پێکهێنانی یەکێتیی نەتەوەیی و، یەکگرتنەوەی نەتەوەی کورد. دەرکردنی داگیرکەران لە کوردستان بەرێگەی دیپلۆماسی و، سازکردنی زەوینەی ڕاپرسییەکی سەرتاسەریی (رفراندۆم) لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ ستاندنەوەی هەموو ئەو نێوچە و مەڵبەندانەی کە بەپێی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکردن و بە فارسکردن و، بە ترکردنی کوردستان، لەلایەن داگیرکەرانەوە زەوتکراون و، لە خاکی نیشتمان دابڕاون!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان خەبات دەکات بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و یەکسانیی لەسەر بناخەی بڕوابوون بە پلۆرالیزم و، جێبەجێکردنی ژیانێکی مرۆڤانە و ئازادانە و گوزەرانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانەی ئەوتۆ، کە شیاوی مرۆڤی ستەمدیدە و خۆڕاگری کوردبێت!**
- **- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ڕێز و مافی یەکسان وەک هاووڵاتییەکی کورد، بۆ ئەو کەمینە نەتەوانە دادەنێت کە پێشینەیەکی کۆنی هەزاران ساڵەیان لە کوردستاندا هەیە و، خۆیان بە کوردستانی دەزانن!**

Bi wê adres pêwendî legel serokayetîya kongrey NîŞtmanîya Kurdistan bigre!

Wka palingswich House
241 King Street
London W 6 9 L P UK.
wka@knc.org,uk
0044 – 208 748 78 74
0044 - 07768266005

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە جەواد مەلا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ برووسکە ئیبراهیم

بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC@ribrahim.de Tele; 0049 – 82 33 80 61, Fax; 0049 – 82 33 61 21

Bi wê adres name û gotar û pêşnyaza xwe bo kongre bişîne!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
post@kncsite.com
0047 – 93 83 99 53

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

---

Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!
Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!

Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری رزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندن:
"سیروان کاوسی"

---

## ماڵپەڕەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!

| | |
|---|---|
| کۆنگرە ئینگلیزی: | www.knc.org.uk |
| کۆنگرە: کوردی (Latin)، عەرەبی، فارسی: | www.kncsite.com |
| رادیۆ رۆژاڤا: | www.rojavatv.org.uk |
| رادیۆ رۆژاڤای کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت: | http://www.radiorojava.net |
| سایتی دوکتۆر جەمال نەبەز: | http://www.jemalnebez.com |
| سایتی دوکتۆر جەواد مەلا: | www.jawadmella.org |